YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

ژمارەی ٥٦ی کانونی دووەم ٢٠٢٤ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.56.January2024


# موچە و خەڵک

**یادنامە**


لە ڕوی ئابوریەوە جوڵەی بازاڕ و ئاڵوێر ئەوکاتە کارا دەبێت کە سەرچاوەی ئابوری و وەبەرهێنان فرەچەشن بێت و سیستەمێکی ئابوری هەبێت کە بتوانێ ئەم جوڵەیە ڕێک بخات ، لەم نێوەندەدا ئەمڕۆ هەرێم نەک نەیتوانیوە ئابوری هەرێم ڕێک بخات بەڵکو پشت بە تەنها یەک سەرچاوەی ئابوری و پارەدارکردنی بازاڕ دەبەستێ ، ئەگەر پێشتر حکومەتی هەرێم خۆی نەوتی فرۆشتبێ ئەوا هەر لەو کاتەوە هەڵەکانی دیار بوە کە تەنها پشتی بە فرۆشی نەوت بەستوە وەک تەنها سێکتەرێک ، ئەمەش دڵنیای نەبوە چونکە بە پێی دەستور ناتوانێ ئەو کارە بکات ، خۆ ئەگەر لە دۆخێکی شڵەژاوی سەربازی و سیاسیدا فرسەتی فرۆشی نەوتی بۆ هەڵکەوتبێ ئەوا نەیتوانی ئەو داهاتە بخاتە خزمەت بوژاندنەوەی سێکتەرەکانی تر ، لە دوایدا بینیمان ئەم سەرچاوەی نەما و ئێستە تاکە سەرچاوەی گرنگ بۆ پارەدارکردنی بازاڕ و جوڵەی دراو موچەیە و موچەش بوەتە کارتێکی سیاسی عێراقی و هەرێمایەتی و وەک ئەوەی هەرێم داوای دەکات بەغداد ئامادەی ناردنی نیە ، خۆ ئەگەر بازاڕ بریتی بێت لە دەفرێک ئەوا ئەو پارەیەی دەڕژێتە ناو ئەم دەفرەوە موچەیە ، کە موچەش نەبو بازاڕ توشی ئیفلیجی دەبێت ، بۆیە ئێستە بازاڕ ناتوانێ بژێوی تەواو بۆ کارئەکتەرەکانی دابین بکات ، ئەمەش بوەتە هۆی سەدان کێشە و لە پێش هەمویانەوە پشێوی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و متمانەی سیاسی و حکومڕانی.




بەڵگەنامەیەک کە باس لە دیموگرافیای کەرکوک دەکات دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی 19 لەکاتی خیلافەتی عوسمانییەکان. باس لەوە دەکات دانیشتووانی کەرکوک 30.000 کەسن، 3 لەسەر 4ی دانیشتووانی کەرکوک کوردن واتا ٪٧٥ی کەرکوک کوردە و ٧٦٠ ئیسرائیلی و ٤٦٠ کلدانی و ئەوانەی دیش تورک و عەرەبن!
مێژووی بەڵگەنامەکە:-سەدەی ١٩
نوسەری بەڵگەنامەکە:- شەمسەدین شامی
لە مێژو بۆ کورد وەرگیراوە


کَرکوك { کردستانك موصل ولایتنده و موصلك ١٦٠ کیلومترە جنوب شرقیسندە وبر صرە تپەلرك آلتندە اولەرق واسع بر اووەنك کنارندە و (وادی ادهم) اوزرندەشهر زور سنجاغنك مرکزی برشهراولوب، ٣٠٠٠٠ اهالیسی، قلعەسی، ٣٦ جامع ومسجدی، ٧ مدرسەسی، ١٥ تکیەوزاویەسی، ١٢ خانی، ١٢٨٢ مغازە و دکانی، بدستانی ، ٨ حمامی، نهرك اوزرندە بر کوپریسی، بر رشدیە و ١٨ صبیان مکتبی، ٣ کلیساسی وبر حاورەسی واردر. بر تپەنك اوزرندە بولنان قلعەدرونی ایلەقلعەنك آلتندەکی محلاتدن ونهرك صاغ طرفندەکی قسمدن مرکب اولدیغی حالدە، اهالیسنك اوچ ربعی کرد وقصوری ترك وعرب وسائرەدر. ٧٦٠ اسرائیلی و ٤٦٠ کلدانی دخی واردر . بر

هێرشەکانی سەر هەولێر لە ناوخۆ و دەرەوە کاردانەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا ... ل٢
ئەنجلینا جولی: مافی مرۆڤ درۆییەکی گەورەیە ... ل٣
حیزبەکان وشپرزەکردنی کۆمەڵگە ... ل٤
چاکبووەوەی نەخۆشی شێرپەنجە ... ل٥
گریگۆری سمیس ... ل٧
جەنگی درۆنەکان و ئاییندەی کوردستان ... ل٨
حووسییەکان کێن و چیان ئەوێت ... ل٩
هێندێ زانیاری سەبارەت بە مێژووی کورد ... ل١٢
شەوێک بەسەری سادرەوە ... ل١٥
بە سەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٦
یادەوەرییەکانی شەوی بەرات ... ل١٨



# هێرشەکانی سەر هەولێر لە ناوخۆ و دەرەوە کاردانەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا

سایتی KNN

هێرشە موشەکییەکەیی سەر شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا، جگە لە ئیدانەکردن، بەشێک لە وڵاتان هۆشداریی دەدەن لە ئەگەری خراپتربونی دۆخەکە.

هەواڵ: (KNNC)

دوای ئەوەی شەوی رابردو، لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێران هێرشی موشەکی کرایە سەر سنوری پارێزگای هەولێر و بەهۆیەوە ژمارەیەک هاوڵاتیی گیانیانلەدەستدا و چەند کەسێکی دیکەش بریندداربون، ئەوەش بە پاساوی تۆڵە سەندنەوەی روداوەکەی پارێزگای کرمان، کاردانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێم، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا ئاماژەی بۆ ئەو کردوە؛ ئیدانەی هێرشەکەی سوپای پاسدارانی ئێران دەکات بۆسەر شاری هەولێر و وەک تاوانکارییەکی بێ پاساو ناوی دەبات و جەختیش دەکاتەوە بەهانەی ئێران بۆ هێرشەکە بە تەواوەتی بێ بنەما و دورن لە راستییەوە.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش لە راگەیەنراوێکدا لە کۆڕبەندی داڤۆسی سویسراوە وێڕای هیواخواستن بۆ زو چاکبونەوەی بریندارەکان، داوای لە حکومەتی فیدراڵی کرد هەڵوێستی توندیان هەبێت بەرامبەر بەم پێشێلکاریەی دەکرێتە سەر سەروەریی عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان، هەروەك داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات لە سەر ئەو ستەمکاریەی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان دەکرێت بێنە دەنگ.

بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان هەڵوێستی فەرمی خۆی راگەیاند و سەرکۆنەی ئەو هێرشانەی کرد و وتی: هاوبەشی خەمی بنەماڵەی قوربانیان و هیوای چاکبونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین.

بزوتنەوەی گۆڕان داوایەکی ئاراستەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کرد کە بە یەکگرتویی و یەکگوتاری کوردستانی و کاری پێکەوەییمان؛ وەڵامی ئەو مەترسی و ئاڵنگارییانە بدەینەوە، کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان دەکەن.

لەسەر ئاستی عێراق، وەزارەتی دەرەوە بەتوندی ئیدانەی هێرشەکەی ئێران بۆ سەر شاری هەولێر دەکات و لەراگەیەنراوێکدا دەڵێت: ئەم جۆرە رەفتارانە بە دوژمنکاریی بۆ سەر سەروەریی وڵات و ئاسایشی گەلەکەی و ناوچەکە دادەنێت، سەرۆك وەزیرانیش بڕیاریداوە لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە هێرشەکە و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ پاڵپشتی کردنی هەڵوێستی لەسەرئاستی نێودەوڵەتی پێکهێنراوە بۆ ئەوە بەڵگە و زانیاری وردی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئاشکرا بکرێت.

وەزارەتی دەرەوە جگە لە بەیاننامە، ئەبو فەزڵ عەزیزی، هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی ئێرانی لە بەغداد بانگهێشت کرد و نامەی نارەزایەتیی و ئیدانەی عێراقی لەسەر هێرشەکان بۆ هەولێر رادەست کرد و تیایدا جەخت لەئەوە کراوەتەوە ئەم هێرشانە پێشێلکردنی زەقی سەروەریی عێراق و بنەماکانی دراوسێیەتیی و یاسا نێودەوڵەتییەکانە و هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەکە دەکات.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەریەك لە بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و ژاپۆن و ئەمەریکا سەرکۆنەی هێرشە موشەکییەکانی شاری هەولێر دەکەن و داوای راگرتنی ئەو هێرشانە دەکەن و بە پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەری خاکی عێراق وەسفی دەکەن.

ئەمرۆ، وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا رایگەیاند: فەرەنسییەکان بەتوندی سەرکۆنەی هێرشە موشەکییەکەی سەر هەولێر دەکەن و ئەو کردەوانە پێشێلکردنی ئاشکرا و قبوڵنەکراون بۆ سەر سەروەری و ئاسایشی عێراق کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لەو وڵاتە هەروەها دەبێتە هۆی زیادبونی گرژییە هەرێمییەکان، بۆیە پێویستە بوەستێندرێت، حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە بەتەواوی هاوسۆزین لەگەڵیاندا.

لای خۆشیەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا رایگەیاند: ئەو هێرشانەی سەر هەولێر پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی خاکی عێراقن، سەقامگیری ناوچەکە دەخەنە ژێر مەترسییەوە و بە توندی هێرشی نابەرپرسیارانەی ئێران بۆ سەر هەولێر سەرکۆنە دەکەین.

باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق لە پلاتفۆڕمی ئێکس نوسیویەتی: سەرکۆنەی ئەو کارە شەڕانگێزانەی ئێران لە دژی هەولێر دەکەم کە پێشێلکردنی سەروەری عێراق و یەکپارچەیی خاکی عێراقە، سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری ئەو کەسانە دەکەم کە لەو هێرشانەدا گیانیانلەدەستداوە و پشتگیریی خۆم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کاتە هەستیارەدا دوپاتدەکەمەوە.

هەر ئەمرۆ سێشەممە، نێردەی نەتەوەیەکگرتوەکان لە عێراق بە توندی سەرکۆنەی هێرشەکەی شەوی ڕابردوی ئێرانی کرد بۆ سەر ناوچەکانی شاری هەولێر لە هەرێمی کوردستان و وتی: ئەو هێرشانە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق پێشێل دەکەن، دەبێت لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێت رابگیرێن و کێشە و نیگەرانیە ئەمنییەکانیش لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێن نەك هێرشکردن و شەڕ.

جگە لەوە باڵیۆزی ژاپۆن لە عێراق  رایگەیاند: سەرکۆنەی ئەو هێرشانەی کراونەتە سەر عێراق دەکەم، کە بوەتە هۆی کشتن و بریندارکردنی هاوڵاتی مەدەنی، وتوشیەتی: پێویستە هەمو لایەک ڕێز لە سەروەری خاکی عێراق بگرن.

باڵیۆزەکەی ژاپۆن ئاماژەی بۆ ئەوەشکردوە، بەداخم بۆ ئەو ژمارە هاوڵاتییەی گیانیانلەدەستداوە و هیوای چاکبونەوە بۆ بریندارارن دەخوازم.

152 جار خوێندراوەتەوە




# ئەنجلینا جولی: مافی مرۆڤ درۆییەکی گەورەیە

ئەکتەری ئەمریکی ئەنجلینا جولی، بێزاری خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو سیاسەتی هەڵاواردن و دووفاقیەی کە جیهان لە بواری مافەکانی مرۆڤدا بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

لە گفتوگۆییەکدا لەگەڵ دەرهێنەری سوری وەعد ئەلخەتیب، ئەنجلینا جولی دوای ٢٠ ساڵ کارکردن لە بواری مافی مرۆڤدا راستیەکی تاڵی لەو بارەیەوە ئاشکراکرد.

جولی، کورتە کلیپێکی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام لەسەر گفتوگۆکە بڵاوکردەوە کە بەشێکە لە فیلمە دیکۆمێنتارییەکەی بەناوی "دەوێرین خەون ببینین".

ئەستێرە جیهانییەکە، ئاماژەی بەوەشکرد، "ڕەنگە بیرۆکەی بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤ لەڕێگەی ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی دووەمەوە سەریهەڵدابێت، هەروەها بە مانای بوونی ئامانج و هێڵی ڕوون بۆ مافەکانی مرۆڤ بێت.

ئەنجلینا جولی، ئاماژەی بەوەدا بۆی دەرکەوتووە شتەکان بەمشێوازە سادەیە بەرەوپێش ناچن و دەشڵێت: فێربووم کە جیهان بەم شێوەیە بەرەوپێش ناچێت، بەڵکو بە شێوازێکی دیکە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە ئەم مافانە و دادپەروەری بە هەندێک کەس دەدەین و ڕەنگە بە شێوەیەکی کاتی بیدەین بە کەسانی دیکە، بەڵام هەندێکیان هەرگیز بەدەستیان ناهێنن.

هەروەها وتی سەرەتا پێموابوو سنووری ڕوون و هەندێک تێگەیشتن هەیە، بەڵام تا زیاتر و زیاتر سەیری دەکەین، تێدەگەین کە چۆن بابەتەکە ئەوەندە سادە نییە.!!

ئاماژەی بە هاوکاری خۆراکی کرد وەک نموونە باسیکرد بەجۆرێک جاری وا هەیە سەدا شەشی خۆراک دەدرێت بە گروپێک و سەدا 50 ش بۆ کەسانی دیکە، لەو بارەیەوە زیاتر وتی دادپەروەری بۆ هەندێک هەیە و بۆ هەندێکی دیکە نییە، لێپرسینەوە بۆ ئەم تاوانە نییە لەبەرئەوەی بەرژەوەندی هەیە.

وتیشی ئەم راستیە ناشیرینە بەشێکی گەورەیە لەم جیهانە کە ئێستا درکی پێدەکەین، ئێمە بە تاوانێک هەندێک خەڵک مەحکوم دەکەین، بەڵام کەسانی دیکە مەحکوم ناکەین، ئەوە درۆی گەورەی دونیایە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ڕوونتر دەبێتەوە.

ئەنجلینا جولی، بە توندی سەرکۆنەی هێرشی سوپای ئیسرائیلی کردووە بۆ سەر کەرتی غەززە کە تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ هەزار هاوڵاتی مەدەنی لە کەرتی غەززە کوژراون.

جولی، نێردەی تایبەتی پێشووی کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیسرائیلی تۆمەتبار کرد بەوەی بە ئەنقەست بۆردومانی منداڵان و ژنان و خێزانەکان دەکات و بێبەشیان دەکات لە خۆراک و دەرمان و یارمەتییە مرۆییەکان بەپێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان.


ئەنجلینا جولی لە ساڵی ٢٠٠١ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٢ وەک باڵیۆزی نیازپاکی لە کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری دەکرد.

چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە، لەوانە خەڵاتێکی ئۆسکار و سێ خەڵاتی گۆڵدن گلۆب و دوو خەڵاتی سکرین ئەکتەرز گیڵد لە ئەمریکا، جولی بە کارە خێرخوازییەکانی ناسراوە. چەندینجار بۆ خەڵاتی کاریگەرترین ژن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دیاریکراوە.

**سایتی زەمەن**

# لای چەپی مەرگ

ئازاد مارف



چاوم داخەن...جاجمێ بدەن بە ڕووما
هێشتا تەرمەکەم ئەڕوانێ...هێشتا دێڕێکی پێماوە
بیرێژێ بە خوێنی بەستوی ئارەزووما
هێشتا بە پەنجەی شایەتمان بانگم ئەکات
لێمئەپرسێ بۆ ئەو نەهات...بۆ گریانێکی ئاڵتونی لە باڵای مردنم نادات
لەسەر دوا پەڕەی هەناسەی نوسیوێتی
کەمێ شۆردنم دوابخەن...جارێ کفنم بۆ ڕامەخەن
تۆزێ سەرم بەرزکەنەوە...گیانکێشەر دوربخەنەوە
ئەم مەرگەم لەبەر داکەنن...جارێ قەبرم هەڵمەکەنن
پەلەمەکەن...نەختێ لەسەرم بوەستن...جارێ گۆڕم هەڵمەبەستن
هەموو بڕۆنە دەرەوە...دەنگی لایلایەکەی دایکم لە کفنەکەم مەکەنەوە
چەند ڕۆژێ لەسەر تابوتم بمێننەوە
ئاخر خۆ من بەسەر باخی خۆزگەیەکما قەت نەفڕیم
نەبا مەرگم هەر وەکو خۆم بەدبەخت بێ و نەتوانم بەسەریا بگریم
من قوربانیم لە پێشا هەردوو بیناییم بە ڕۆشنایی دیداری ئەو جوان برێژن
بە کلۆیە لە خەندەی ئەو دەمی پڕ دەردم شیرن کەن
ناوبانگم کۆبکەنەوە...پیت پیت لە نێو خەونێکی ئەودا بینێژن
ورد وردمکەن...بەسەر دەرگا و پەنجەرەی خەیاڵی ئەودا دابەشمکەن
پارچە پارچە نەگەیشتنم بکەنە گەردنی ڕۆحی ئەوەوە
تەرمم ماچکەن...تاریکیم لێبکەنەوە
بە نزای دایکم ڕامژێنن...پیرۆزییم پیابدەنەوە
گشت بوونم بخەنە بەر خۆر...جار جارە ئەمدیودیوم کەن
لەسەر لای چەپم ڕامکێشن...بابێتەدەر مەراقی زەرد و شین و مۆر
چەپکێ ئارەزووی دڵی ئەو بخەنە نێو گۆڕمەوە
نەبا دوعام لێکرابێ و لەو دنیاش نەیبینمەوە
خۆ ئەگەر دوای مرنم هات...تەنیاییەکەمی بدەنێ
پێبڵێن با شەو لەگەڵ خۆی بیخەوێنێ
بە بەرگی گەرمی کچێنی جوان داپپۆشێ
جار جار دەست بێنێ بە سەریا...کەم کەم شادی پێبنۆشێ
خۆ ئەگەر دوای مردنم هات...مێژومی بۆ بکەنە خەڵات
با شوێن مەرگم لە سەری ئەودا نەیەشێ
حورمەت ڕێژیکەن ڕێگاکەی
با تۆزوباری کۆچی من لەسەر ڕوومەتی نەنیشێ
پۆشاکی خۆزگەکانمی بکەنە بەر
خەیاڵی ئەفسوناویمی بکەنە سەر
گرێی کۆنی بێدەنگیەکەی بکەنەوە...دانە دانە لە هەناویا غەریبی بهێننە دەر
سەبرم بکەن بە سەرپۆشی...سەبوریم بکەن بە سێبەر
لە نامەیەکی شەرمنا گلەییم بنێنە کۆشی
پێبڵێن نە مەیلی دامێ...نەهێشتی بیگۆڕێ قەدەر.

# حیزبەکان وشپرزەکردنی کۆمەڵگە

ڕەوف محەمەد ئالانی



(پیاو هەیە تەنها لەبەر ئەو خۆشبەختییەی کە دەیەوێ بەدەستی بێنێ، ئارەزووی دەسەڵات دەکات، خۆی سەرقاڵی سیاسەت دەکات ودەچێتە ناو حیزبە سیاسیەکانەوە - فریدریش نیچە).

مێژووی حیزبایەتی لە جیهاندا ودەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆشارستانێتی یۆنان، بەتایبەت لەشاری ئەسینای پایتەخت، ناوی ئەوحیزبەش بەحیزبی ئۆلیگارشی ناسرابوو، بەپێی زانیاریەکان ئەوحیزبە بەیەکەم حیزبی سیاسی دادەنرێت لەمێژوودا، کە ئاماژەی بۆکرابێت، ئەوحیزبە سیستمی کۆنترۆڵکردبوو، دەستی گرتبوو بەسەرحکومەت لەئەسینای پایتەخت، لەناودەوڵەتی یۆنان.

یەکەم پارت کە لە جیهاندا پێکهێنرا پارتی لیبراڵی بەریتانیایە لە ساڵی ١٦٨٧ پێکهێنرا، یەکێکە لە پارتە سیاسیەکان، پارتێک بوو داوای حوکمڕانی گەلی دەکرد و دژایەتی حوکمڕانی شاهانەی دەکرد، ئەو حزبە بووە هۆکاری ڕووخاندنی شا جەیمسی دووەم، هەروەها ئەم حیزبە لە ساڵی ١٨٥٩ هەڵوەشایەوە.

ئەگەرچاوێکیش بەمێژووی کوردا بخشێنین، بۆدروستبوونی یەکەم حیزبی کوردی، ڕاوبۆچوونی جیاوازدەبینین، لەسەرمێژووی یەکەم حیزبی سیاسی کوردی، (یەکێتی محمدی کە لە ساڵی ١٩٠٨ دروست بووە یان ١٩٠٩) بە سەرۆکایەتی سعید نورسی یەکەم بووە، بەڵام بەپێێ بەڵگەنامەکانی ئەرمەنی (یەکێتی کورد) بە ڕابەرایەتی (شێخ عبیداللە نهری) لە ساڵی ١٨٨٠ دروست بووە، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی تریش (کۆمەڵەی عەزم- عزم قوی جمعیتلر) لە ساڵی ١٩٠٠ دروست بووە بریتیە لە یەکەم حزب.

ئەوانە هەمووی ئەگەر یەکەم حزبی کوردیش نەبن یەکەم داڕێژەری بنەماکانی سیاسی کوردایەتی بوون، هەرچی (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) بە دوای ئەویش زۆربەی هەرە زۆری مێژوونوسان (حزبی تەعالی و تەرەقی کوردی) بە یەکەم حیزب لە کوردستان داناوە، ئەویش لە هەمووان کاریگەرتر بووە.

بەپێی زانستی سیاسی و کۆماڵناسی سەردەم، حیزب کۆکەرەوەی کۆمەڵە کەسانێکە لەدەوری ئایدۆلۆژییایەک کە بڕوایان پێیەتی، لەپێناوئامانجی دیاریکراو(نیشتمانی،نەتەوەیی، چینایەتی، ڕەگەزی....)هتد

لەووڵاتە پێشکەوتوەکان، حیزب کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەرگەشەکردنی کۆمەڵگە، چونکە وابەستەی دیمۆکراسی ودەستاودەستکردنی دەسەلاتن، بەڵام لەو ووڵاتانەی دەرگیری عەقڵی خێڵ وهۆزن، وابەستەی نەریتە کۆنەکانن، حیزب دەبێتە ڕێگرولەمپەری گەشەکردنی کۆمەڵگەوپێشکەوتن، چونکە هەندێ کەس بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری دەهێنن. زۆرجارقوربانی بە ئامانجەگەورەکان دەگەیەنێت بۆکەس وخێڵ وهۆزێک، لەڕۆژئاوا بەگشتی وکوردستانیش بەتایبەت، هەرحیزبێک دادەمەزرێت، لەسەرەتادا بە دروشمی ڕەنگاڵەیی دێتە مەیدان، لەدواییدا کەسێک یان گروپێک، دەستی بەسەرداگرن ودەیکەنە موڵکی خۆیان، بەمەش لەو ئامانجەی بۆی دروست بووە، دووری دەخەنەوە، حیزب و ڕەوتە هۆشیارەکان کە بە زەحمەت کار دەکەن، دەبێت سەرهەڵبدەن، خاوەنی دیدگا و پرۆژەیەک بن کە بتوانن سەرکردایەتی دەوڵەت بکەن، بۆدەربازبوون لەو هەموو دروشم و ئەفسانە درۆیینانە و هەڵگری نیەتی دڵسۆزانە و حەماسەتێکی نیشتمانپەروەرانە بن.

لە دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ هەرێمی کوردستان دۆخی حیزبایەتی گۆڕدرا بەشێوازێکی ترکە حوکمڕانی وکارگێری بوو، لەم شێوازی حوکمڕانیە کارێکی وایانکرد، مرۆڤی کورد تووشی ئاڵۆزی وشپرزەیی دەروونی وشۆک ببێت، بەهۆی ئەوەی خەونەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج وئاکامەکان پێچەوانە بوونەوە، لەجیاتی ئازادی مرۆڤی کوردیان دیل ویەخسیرکرد، تەنانەت حیزبی بوون لای زۆربەی خەڵک بۆتە لەکە وشوورەیی، پێش چەند ساڵێک هەرکەس بیوتایە بێلایەنم، بەپێکەنینەوە ئەیانووت بەڕاست؟ دوای ئەوە ئەیانووت جاکوا خەڵک هەیە بێلایەن بێت؟

بەهۆی خراپی کاری حیزبایەتی وقۆرخکاری لەهەموو بوارەکانی ژیان ودەوڵەمەندکردنی ئەوانەی مەبەستیانە ولەکارخستنی ووزەوتوانا جوانەکانی کۆمەڵگە وووردوخاشکردنی هەموو جوانیەکانی ژیان، حیزبەکان وەک بێزراوترین وناشیرینترین بوونەوەرلێیان دەڕوانرێت.

لێرەدا دێرە شیعرێکی شاعیری گەورەوبیرمەندی کورد(پیرەمێرد)م دێتەوە یاد کەدەڵێ:

هەرچی هەڵئەستێ ئەڵێ من حیزبم
برا لێم لادە، نامەوێ حیز بم

لەئێستاشدا ئەونەفرەتکردنە لەحیزبەکان، ئەوە دەردەخات لەجیاتی هێنانی خۆشبەختی وکامەرانی، بوونەتە سەرچاوەی نادادی وگرفتی دەروونی وکۆمەڵایەتی وئابووری وپەروەردەیی وکارگێری، تەنانەت لەسایەی عەقڵی بچووک وتەسکی ئەوان ووڵات کراوەتە دۆزەخێکی مەترسیدار، ڕۆژبەڕۆژ دوورکەوتنەوە لەخۆشەویستی نیشتمان ونەهێشتنی ئاشتی کۆمەڵایەتی دەبێتە ئەنجام.

خۆزیا تەنیا ڕۆژێک ئەم حیزبانە وانەیەکیان وەربگرتایەولە هەڵەکان وانەی تازە فێرببونایە ودڵی ئەوخەڵکەیان بەئارامی شادبکردایە،

لەخۆرانیە (جۆنکۆنیبرز)دەڵێت:( ڕۆژێکی ئاشتی و هاوبەشی دەتوانێت ببێتە هۆی لێکتێگەیشتن و هاوکاری زیاتر لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و گروپە ئاینییەکان و هەموو چین وتوێژەکان بێجیاوازی).

فێرنەبوون لە هەڵەکانی پێشوو، بەردەوامی ئەنجامدانیان دەبێتە هۆی زیادبوونی کێشە و قەیران بۆ هەمووان، بەتایبەت بۆ ئەوانەی ئەنجامیانداوە، وەک چۆن ئەو درک بە هەڵەکەی ناکات، ئەوە وانەی سەختە، هەڵەکردن لە سیاسەتدا شتێکە کە ئەگەری بەهێزی هەیە، بەڵام گۆڕەپانە سیاسییەکان بێ کەموکورتی ئەوان نین، ئایا دان بە هەڵەکەنیاندا دەنێن و پەنا بۆ ڕاستکردنەوەیان دەبەن؟

کێشەکە لەوەدایە کە زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی هەڵە دەکەن و ئاگاداری ئەوە نین تا دوای ئەوەی هەڵەکە دەبێتە تاوان، بەمەش خەسارەت بۆ خەڵک و خۆیان بەهەمان شێوە دەگەیەنن.

جگە لە ناکارامەیی کەسایەتییەکانی سەرکردایەتیکردنی زۆربەی حیزبە سیاسییەکان، کێشەی دیکەش هەن کە ئەم ڕەوتە بەرکەوتوون، لەوانە، فێرنەبوون لە هەڵەکانی پێشوو، و درک پێنەکردنی ئەو هەڵانە هەندێک جار، نەبوونی تێگەیشتن و هۆشیاری سیاسی کەسایەتییە گەورەکانی ئەو حیزبانە، هەروەها دیاردەی ملکەچبوونی دەرەکی، کە وایکرد ئەو هێزانە کاربکەن بۆ قازانجی دەرەوە، نەک لە پێناو نیشتمان، ئەو دەوڵەتەی کە توانای پاراستنی هێزی حزبەکەیان لە پێشینەی خزمەتکردنە بۆ ئەوان، بڵاوبوونەوەی ڕۆحی ململانێ و پێشکەوتن لە نێوان هەمان ئەو لایەنانەدا بە یەکێک لە گرنگترین کێشەکان دادەنرێت کە ڕەنگە ڕووبەڕووی بینەوە، باسی شکستهێنان لە پەسەندنەکردنی گوتارێکی سیاسی نوێ و درێژەدان بەخۆهەڵنان و شانازیکردن بە قارەمانێتی ڕابردووی خۆیان، کە جەماوەر لێی بێزارە ورەفتاری، سیاسەتی فریودەر، و گرنگی نەدان بە پێداویستیەکانی کۆمەڵگا و هاونیشتیمانیان.

گومانی تێدا نییە، قەیرانی هۆشیاری و تێگەیشتن لەکارکردن وچۆنێتی ئاراستەکردنی حیزبدا، لەسەر تاک و کۆمەڵگە پەرەی سەندووە، هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ بەردەوامیی ئەو لایەنانە و سەرکەوتنی بەهێزی ئەم ڕەوتە ناعەقڵانیانە لە هەڵبژاردنەکاندا تەنیا بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایە هەستی خێڵگەرا وبنەماڵەیی و حیزبسالاری، کاریگەری مانەوەو بەردەوامی ئەم هێزە درۆزنانە هەبووە، کاریگەری نەرێنشی لەسەر کەس ورەوتە ڕاستگۆکانی کۆمەڵگە هەبووە، ئەمە کێشەی سەرەکین کە دەبنە هۆی شکستهێنان لە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی حیزبایەتی هاوچەرخ.

# چوارەم ســــــاڵیادا

# ( محمود فوزي السمري)

## چاکبووەوەی نەخۆشی شێرپەنجە.

نوسینی / عاطف احمد
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
(عمر محمود پیرۆت)



لەدوا سەردانمدا بۆ لای دوکتۆر پێی گوتم تەنها نزیکەی چوار مانگت لە ژیاندا ماوە .
سەدو بیست ڕۆژ ، هەموو ئەو باڵانسەیە بۆ مانەوەم  بە زیندویــی .
تۆ لۆکیـمیـاتـە .
شــێر پەنجەی خـوێن .
ســپیبونەوەی خـوێـن .
ئەو شێرپەنجەی  توشی ئەو شانانە دەبێ کە بەرپرسن لە بەرهەمهێنانی خانەکانی خوێن .
تۆ زۆر درەنگ کەوتووی .
ئێستا لە قۆناغێکی ناسکدای .
بۆ ئەوەی ڕاستگۆتربم لەگەڵت دەبێ پێت بڵێم ئەو قۆناغە مەترسیدارە .
کەمن ئەوانەی دەتوانن  تێیپەڕێنن .
لەم قۆناغەدا ڕێژەی چاکبونەوە زۆرکەمە .
بۆیە هەوڵدەدەین بەزوترین کات دەس بە چارەسەرکردن بکەین و کۆنترۆڵی خانە توشبووەکان بکەین .
چونکە تەنها چوار مانگمان لەبەر دەستدایە.
ئەوە ئەو قسانە بوو کە دوکتۆر لەدوا سەردانمدا پێیگوتم .
بێ ئەوەی تەنانەت قسەیەکیش بکەم ، ڕاستەوخۆ دوکتۆرم جێهێشت .
ئاخر چی بڵێم ؟
 قسەیەکم نەبوو بۆ گوتن .
ئیتر ئاوایە .
دەکرێ سەردانێکت بۆ لای دوکتۆر دەسپێکی ژیان بێت و سەردانێکی تر کۆتایی ژیان بێ.
سەردانەکەی من دیاریکردنی ئەو ماوەیە بوو کە لەژیاندا ماومە .
سەدو بیست ڕۆژ و لەوانەیە کەمتریش .
کاتی چونە دەرەوەم هەموو ئەوانەی لەوێبوون  هەستیان بەترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی من کرد  . بەڵام کەسیش گوێی پێ نەدام و سەرسام نەبوو .
ئاخر هەموو ئەو نەخۆشانەی لەوێ بوون یەکێکیان یان زۆرتریان پێش من دەمرن .
هەرچی ئەوانەش کە لەوێ کاردەکەن لەگەڵ ئەو بارو دۆخانە ڕاهاتوون .
 یەکەم کەس نیم و دواکەسیش نابم .
من ئەوە تێدەگەم .
هیچ هۆیەکی گواستنەوەم بەکار نەهێنا . کاتژمێر و نیویک بەپێ ڕۆیشتم.
کاتژمێرو نیوێکم لەو باڵانسە لەدەست دا کە لەژیاندا ماومە .
هەرگیز لە ژماردن و ژمێریاری زیرەک نەبووم . بەڵام ئەقڵم لەچرکەیەکدا  ژماردی کە کاتژمێرو نیوێکم لەکۆی ئەو (٢٨٨٠) کاتژمێرە لەدەستدا کە لەژیاندا ماومە.
واپێدەچێ لە ئێستادا کاتژمێرەکان  خێراترتێپەڕن  و  منیش لەجاران لەسەرخۆتربم .
لەسەر پێخەفەکەم پاڵ کەوتم .
نەمتوانی بخەوم .
دەم و چاوی دوکتۆرەکەم لەسەر بنمیچی ژوورەکە هاتە بەرچاو.
دەنگی لەگوێمدا دەزرنگێتەوە :
لۆکیمیا ...
شێرپەنجەی خوێن،
زۆر درەنگە.
قۆناغەکە مەترسیدارە.
کەم کەس تێی دەپەڕێنێ.
ڕێژەی ڕزگار بوون کەمە.

چوار مانگ لەبەر دەستدا ماوە.
ئەی خوایە .
لەژیانمدا سەردانی هیچ دوکتۆرێکم نەکردووە..
خۆشم نەویستوون.
پێم وابێ ئەو ڕۆژە هات کەدەبێ هەموو ئەوە قەرەبوو بکەمەوە.
تا لێهاتن.
لەدەستدانی کێش .
نەمانی ئارەزوی خواردن.
خوێن بەربونی زۆر .
شین بونەوە.
دەرکەوتنی پەڵەی سور لەسەر پێستم .
هەموو ئەمانە وادەکەن زوو زوو سەردانی دوکتۆر بکەم.
بەڵام وەک نەریتی خۆم هەر دوام دەخست.
ئایا سەدو بیست ڕۆژ بەشی هەموو ئەوە دەکات کە لەژیانمدا دوام خستووە؟
چەقۆیەکم هێناو خۆم بریندار کرد.
سەرنجی ئەو خوێنەم دەدا کە شێرپەنجەی تێدایە.
بەڵکو شتێکی لێ بێتە دەرێ و گەورە بێ و پێم بڵێ ئەوە  شێر پەنجەیە.
هەموو ڕۆژێ کە خەبەرم دەبۆوە  بەسەرسەرینەکەمەوە خوێنم  دەبینی.
هەندێجار خوێنبەربونی لوت بەخەبەری دەهێنام .
هەموو ڕۆژێ جارێک و لەوانەیە زیاتر لەجارێک شێرپەنجەم دەبینی و ئەویش منی دەبینی.
شتێکی زیندوی نەفرەتی لەناخمدا دەژی .
لەناوەوە دەمخوا . هەڵم دەلوشــێ .
جەستەی خۆمی لەگەڵ بەش کردووم .
تا دوێنێ ناوی شێرپەنجەم لە ڕێکلامەکانی بەخشینی خوێن و زنجیرە دراماکان و فیلمەکانەوە دەبیست .
تەنانەت ئەگەر بمویستبا بینوسم لەوانەیە لە ڕێنوسەکەیدا هەڵەم کردبا.
ئەمڕۆ خۆم توشی شێر پەنجەبووم .
لۆکیمیا.
شێرپەنجەی خوێن.
درەنگ کەوتووم.
قۆناغی مەترسیدار.
چوار مانگ .
ڕێژەی ڕزگار بوون لێی ،
ئەم دەنگە ناخۆشەی دوکتۆرەکە
مێشکم جێناهێڵێ .
ڕۆژێ داهاتوو بەیانیەکەی چومە لای دوکتۆرو و پێمگوت:
جەنابی دوکتۆر تەنها بۆ وەڵامی یەک پرسیارهاتوم .
تکایە ڕاست و ڕەوان پێم بڵێی و لێم مەشارەوە.
واز لەقسەی پزیشکی بێنە .
کەس لێیان تێناگات.
هیچ هیوایەک هەیە؟
بەزەردەخەنەوە پێی گوتم :
ئەرێ .
بەڵێ بەدڵنیاییەوە هیوا هەیە.
پشت بەخوا . 🙏
ڕوی بۆ لایەکی دورر وەرگێڕا.
دوای چەند چرکەیەک تەماشای ناوچاومی کردەوە و گوتی:
دەزانی؟ دەمزانی کە دەگەڕێیتەوە.
هیوا هەیە . سوێند بەخوا هیوا هەیە .

ئەوەی گرنگە دەبێ هەر ئەمڕۆ دەست بە چارەسەر بکەین.
دەبیینین تۆ پاڵەوانی یان ئەو .
تۆ تەنها نیت . نەترسی .
ئەو ڕۆژە زۆر بەخێرایی گەڕامە ماڵەوە جانتاو پێویستیم پێچایەوەو ڕومکردە گۆڕەپانی جەنگ لەگەڵ شێر پەنجە .
بەرەو نەخۆشخانە ڕۆیشتم .
چارەسەر بەخێرایی دەستپێکرد .
لەسەرجێگا مامەوە .
شیکاریەکان ، سۆندەکان ، دەرمان و پشکنینەکان وتاقیکردنەوەکان و سەردانەکان کۆتاییان نایەت.
دوای هەفتەیەک لە چارەسەری کیمیاوی قژم هەڵوەری و ڕوتایەوە.
من هەرخۆم ڕقم لە سەرتاشینە حەزم لێی نیە.
پێم وابێ چیتر ناچارنیم بچمە لای سەرتاش .
بەڵام ئەگەر سەر پشک بکرێم لەنێوان چارەسەری کیمیاوی و چونە لای سەرتاش ، هەموو ڕۆژێک دەچمە لای سەرتاش
بەڵام ئەمە ڕونەدات .
ئاخر تۆ نازانی چارەسەری کیمیاوی چیە .
تۆ تەنانەت بەخەیاڵیش نازانی ئازارەکەی چۆنە .
نازانی لێدانی دەرزی کیمیاوی چی دەکات . نازانی ڕۆیشتنی پشکۆی ئاگر بە دەمارەکانی خوێندا چی دەگەیەنێ .
هەموو شتێک بێ تام و بێ بۆن .
لە کۆتاییدا دەگەیتەئەوەی جگە بێتوانایی هەست بەهیچی تر نەکەی .
دوای تێپەڕبوونی ئەو ڕۆژانەی کە لەیەکتری دەچوون وام لێهات لەهەموو شتێک تێدەگەیشتم.
دەربارەی چارەسەرو قۆناغەکانی .
لەگەڵ هەموو ئەو ئازارە سەختانەدا ، ڕۆژەکانیشم دەژمارد .
نەبادا بێئاگایی خۆئامادەکردنم بۆ چرکەساتی ماڵ ئاوایی لەبیر بەرێتەوە.
ئەو تەماشاکردنە پرسۆزو بەزەییەیی پەرستارە تەمەن بیست ساڵەکەش ناخۆشترین شت بوو بۆ من.
لە سەردانێکی پەرستارەکە لە سەدو هەژدەیەمین ڕۆژدا ، پێم گوت دەمەوێ دوکتۆر ببینم .
کاتێک دوکتۆر هات پێم گوت:
دوکتۆر دووبەیانی .
من سەدو بیست ڕۆژەکەم بیر نەچووە .
دەکرێ داوایەک بکەم ؟
دوکتۆر گوتی :
بەدڵنیایی . بەس داوا نەکەی چارەسەری کیمیاوی بوەستێنین.
پێم گوت :
بەپێچەوانەوە دوکتۆر دەمەوێ چارەسەرەکە ئەوەندە چڕ بکەیتەوە بەشێوەیەک کە بێئاگابم و بەهۆش خۆم نەیەمەوە.
زەنگی دوا کاتژمێر لەناخمدا لێدەدات . بەگوێمدا دەچرپێنێ .
من خەریکە شێت دەبم . ئاخر نامەوێ بمرم .
دوکتۆر بەجۆرێک تەماشای کردم کە پێشتر بەو چاوە گڕدارانەوە نەم بینیبوو .
گوتی :
(محمود )
(محمود فوزي السمري)
بەهێزترین نەخۆشی شێر پەنجە کە بینیبێتم .
تۆ نامری .
بەپێچەوانەوە واپێدەچێ تەنها کەمێک بەدرەنگەوە دەست بەژیان بکەیت . شێرپەنجەش تەنها زەنگێک بوو .
نەکەی بترسی .
جەستە گوێی لەدەنگی ترس دەبێ و دەبەزێ .
من دەزانم وتۆش دەزانی نامریت و دەژیت .
تۆ دەیبەیتەوەو شکست بە شێرپەنجە دێنی .
ئەمڕۆ چوارەم ساڵیادی ئەو ڕۆژەیە.
من بەتەواوی چاکبومەتەوە.✌️
چیتر خوێنبەربونی لوت لەخەو ڕام ناچڵەکێنێ.
من بەڕێکو پێکی سەردانی دوکتۆرو سەرتاش دەکەم . ئەندازیارێکی سەر کەوتوم .
ئێستا بەنرخترین شت لای من کاتە .

# کۆمەڵگای هوشیارو کۆمەڵگای گەمژە

## تەها عومەر



*کۆمەڵگای هوشیار

کاتێک کۆمەڵگایەک یاسا تیایدا سەروەرە، کاتێک هەموو تاکێکی کۆمەڵگا ماف و ئەرکەکانی خۆی ئەزانێت ، کاتێک مرۆڤەکان باشترین هاوڕێیان کتێبە ، کاتێک دەسەڵات وحکومەت لەهێلی خۆی لایدا و دەسەڵاتەکانی خۆی خراپ بەکارهێنا و گەل توانی بەخۆپیشاندان ڕاستی بکەنەوە گەر ڕاستیش نەبووە بەکۆدەتا لایبەرن و بیگۆڕن بە دەسەڵاتێکی باشتر ، کاتێک زاناو داناو نووسەرو هونەرمەندو ڕۆشنبیرەکان پێشڕەوی کۆمەڵگابوون و گوێ لەقسەیان گیراو حکومەت ودەسەڵاتیش حسابی بۆکردن ، کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگا هەستیان بەبەرپرسیارێتی کردو کولتوورو زمان و سروشت و خاک وئاوو وڵاتی خۆیان خۆشویست و هەوڵی جوانترکردن و پێشکەوتن و خزمەتکردنیان دا ، کاتێک تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەگشتی بەدیوە ئەرێنیەکەی بەکارهێنران ، کاتێک حکومەت لەخزمەتی کۆمەڵگاکەیدا بوو نەک ڕووتاندنەوەی ، .

ئەوە بێشک ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی زیندوو هوشیارەو هەردەم لەپێشکەوتن و پەرەسەندن و گەشەکردندایە .

* کۆمەڵگای گەمژە

کاتێک کۆمەڵگایەک یاسا تیایدا پێشێل ئەکرێ و ئەوەی حسابی بۆ ناکرێت یاسایە ، کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگا نە ماف و نە ئەرکەکانی خۆیان نازانن چیە و هەریەکەو دەستی گرتووە بەکلاوەکەیەوە با نەیبات و خۆیان کەڕوکوێر کردووە لەهەمووشت ، کاتێک وردە وردە دەسەڵات بەرەو لاڕێ چوون و دکتاتۆریەت ئەڕواو ئەمانیش زیاتر مل کەچ و کۆیلە ئەبن و کەس ناوێرێ لەشوێنی خۆی بیوەستێنێ ، بۆیە کۆمەڵگا بەرەو گەمژاندن و گەوجاندن ئەبات و کەسیش قسە ناکات ، کاتێک ژمارەی گەمژەکان زۆرزیاتر ئەبێت لە کەسە ڕۆشنبیرو عەقڵەکراوەکان ، کاتێک کتێب ئەخرێتە پەراوێزەوەو کەس نایخوێنێتەوە ، بگرە خوێندنەوەی کتێب ئەبێتە عەیبەو ڕۆشنبیرەکان بەدزی و بە شەرمەوە باسی ئەکەن و ئەیکڕن و ئەیخوێننەوە ، کاتێک زاناو داناو ڕۆشنبیرەکان نە گوێیان لێ ئەگیرێ و نەکەس حسابیان بۆئەکات ، کاتێک تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان زۆربەبەربڵاوی و تەنیا بەدیوە نەرێنیەکەی بەکاردێت ، کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگا سروشتی جوانی ژینگەکەیان پیس ئەکەن وئەیشوێنن و هیچ هەست و ئینتیمایەکیان بۆ خاک و ئاوو وڵاتەکەیان نامێنێ و گاڵتەوقەشمەری بەزمان و کولتووری خۆیان ئەکەن و دنیا ئاو ببیا مێشێک میوانیان نیە ، کاتێک ژمارەی زیندانەکان لە ژمارەی شوێنە ڕۆشنبیری و کولتووری و گەشتیاریەکان زیاتر ئەبێت .

کاتێک پیاوانی کۆمەڵگا لەچایخانەکاندا سەرگەرمی یاری تاوڵەو دۆمینەن و گەنجەکانیشمان لەکافتریاکاندا خەریکی نێرگەلەکێشان و چات کردن و یاریی پۆپجین ، کچان و ژنانیشمان مەشغوڵی سناپ چات و وێنەی سێڵفی و پۆزلێدان بەنێرگەلەکێشانەوەو نەشتەرگەریی جوانکارین .

کاتێک نووسەرو زاناو ڕۆشنبیرو هونەرمەندو ڕۆژنامەنووس لەکونجی زینداندان و شەلاتی و پیاوکوژو چەقۆکێشەکانیش بەپۆزەوە بەشەقامەکاندا خۆیان نمایش ئەکەن و چۆنیان بوێ وائەکەن و بەدڵی خۆیان خەڵک ئەکوژن و ئەفرێنن و کێیان بوێ سوکایەتی پێ ئەکەن و کەسیش لەگوڵ کاڵتریان پێ ناڵێ و کەسێک نیە بوێرێ بڵێ لەل ، کاتێک حکومەت و دەسەڵات هەموو ئیش و کارێکیان ئەبێت بەڕووتاندنەوەی هاوڵاتیەکانی خۆی نەک خزمەت کردنیان ، کاتێک زۆرینەی خەڵک کاتەکانیان بەشتی تافیهو پڕوپووچەوە بەسەرئەبەن و گاڵتە بەکەسە ڕۆشنبیرەکان ئەکەن و کتێب و ڕۆشنبیری بەدوژمنی خۆیان ئەزانن

ئەوا بێشک ئەوکۆمەڵگایە بەمانای وشە کۆمەڵگایەکی گەمژەیەو نەک گەشە ناکاو بەرەو پێش ناچێت بگرە لەلێواری داڕووخان و هەرەسهێنانداییە .



# گریگۆری سمیس
## باڵیۆزی ئاشتی و منداڵان

ڕەزا شوان

دوبەی: ٢٠٢٤

هەندێک کەس بە سروشتی، هەر لە منداڵییەوە ناوازەن و بەهرەیەکی ئەفسووناوییان پێبەخشراوە. ئەوان بلیمەت و هەڵکەوتوون و بە ڕاستی زیرەکن. بە گشتی تواناکانیان لە بوارە تایبەتییەکاندا وا نیشان دەدەن، کە (١٠) ساڵ لەپێش تواناکانی هاوشێوەی گەورەساڵانی لێهاتووەوەن. لێرەوە زاراوەی منداڵی پەرجو (سەرسوڕهێنەر) بۆ ئەو منداڵە لە توانا بەدەرانە بەکاردەهێنرێت. بە درێژایی مێژوو، زۆر منداڵی پەرجو هەبوون و هەن. هەندێکیان بوونەتە گەورەساڵی بەرهەمدار. تا ئەو کاتە دەستکەوتی هزری زیاتریان بەدەست هێناون، لەوەی کە ئێمە لە هەموو ژیانماندا بەدەستی دەهێنین. تا ئێستا باسی (٩) منداڵی پەرجوی جیهانیمان کردووە. ئەمجارە باسی منداڵێکی تری بلیمەت و هەڵکەوتوو و پەرجوی ئەمەریکی دەکەین. کە ناوی (گریگۆری ئارِ سمیس) ە. بە (باڵیۆزی ئاشتی و منداڵان) لە جیهاندا ناسراوە. بۆ کورتکردنەوەی ناوەکەی بە ناوی (گریگ) یشەوە ناودەبرێت.

گریگۆری بۆب سمیس، لە ساڵی (١٩٩٠) لە ئەمەریکا لەدایک بووە. تاقانەی خێزانەکەیەتی. دایکی ناوی (جانێت سمیس) ە، بەڕێوەبەری کاربوو. باوکی ناوی (بۆب سمیس) ە، بڕوانامەی ماستەری هەیە، زانایەکی مایکرۆبایۆلۆژییە.

گریگۆری منداڵێکی بالابەرز و قژ زەردە بوو. هەر لە منداڵییەوە بەهرە و زیرەکی دەرکەوتن. گریگۆری لە تەمەنی (٤) مانگاندا فێری قسەکردن بوو. لە تەمەنی (١٤) مانگانگیدا، پرسیار و ڕاهێنانی بیرکاری جێبەجێ دەکرد. هەر لەم تەمەنەدا فێری خوێندنەوە و لەبەرکرنی کتێب بوو. لە تەمەنی (٢) ساڵیدا بە تەواوی هۆگری خوێندەوەی کتێب بوو. لە تەمەنی (٥) ساڵیدا لە باخچەی منداڵاندا، باسی ئەوەی بۆ هاوڕێکانی دەکرد کە چۆن ڕووەک خواردن بۆ خۆی دروست دەکات. لە تەمەنی (٦ - ٩) ساڵان هەموو پۆلەکانی قوتابخانەی بنەڕەتی بە پلەی نایاب تەواوکرد. لە تەمەنی (٩) ساڵیدا، لە ئامادەیی گشتی (ئۆرینگ پارک) لە فلۆریدا، بە پلەی نایاب و ئابڕومەندی تەواوکرد. بچووکترین قوتابی بوو، لەم تەمەنەدا، دەرچووی ئامادەیی بێت.

گریگۆری دەڵێت:"لە چوار ساڵیمەوە، خەونم بە دەستپێکردنی خوێندن لە کۆلێژ دەبینی" دەشڵێت" بۆچی خەڵکی دەڵێن، ئاسمان سنوورە؟ بۆ من نا!!

خەون و هیوای گریگۆری هاتنەدی. لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا بەبێ تاقیکردنەوە لە زانکۆ وەرگیرا. بە پلەی نایاب و ئابڕوومەندی، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بیرکاریدا، لە کۆلێژی (ڕاندۆلڤ ماکۆن) وەرگرت. بڕوانامەی ماستەریشی لە بایۆلۆژی حیساباتیدا لە (زانکۆی ڤێرجینیا) لە (شارلۆتسڤیل) بەدەستهێنا. بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە بایۆلۆژییەکان لە (زانکۆی گارنێگی مێلۆن) وەرگرت. گەورەترین خولیای گریکۆری سمیس بیرکاری بوو. دەنووسێت:"زانست دەروازەی نهێنییەکانی جیهانەکەمانە. بیرکاریش وەک چرایەکە، ڕێگا ڕووناک دەکاتەوە" لەگەڵ ئەوەشدا بیرکاری ئامانج نییە. بەڵام هۆکاریکە بۆ هێنانەدیی ئامانجی گریگۆری.

بەڵام بلیمەتی تەنیا نیوەی چیرۆکەکەیە بۆ گریگۆری سمیس. لەو کاتانەی کە لە قوتابخانەدا نییە، ئەم گەنجە وەکو چالاکوانێکی بواری ئاشتی و مافەکانی منداڵان، بە جیهاندا دەگەڕێت. چاوپێکەتنی لەگەڵ سەرۆکی وڵاتان و لەگەڵ براوەکانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و سەرکردە ئاینییەکان و مامۆستاکاندا کردووە. کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا (بیل کلینتۆن ) و سەرۆکی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت (میخایل گورباتشۆف) کردووە. باسی پلانی پەروەردە و ئاشتی لەگەڵیاندا کردووە. نوێنەری (سی سی ئێف) بوو. لە دانیشتنی تایبەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. سەبارەت بە مافەکانی منداڵان وتاری داوە. لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی تریشدا، لە زۆر شوێنی تردا، وەکو باڵیۆزی ئاشتی و منداڵان، وتاری پێشکەش کردووە. گریگۆری چەندین پەیامی بەهێزی نووسی و چەندین کۆبوونەوەی بەڕێوەبرد، وتاری هاندان و وروژێنەری پێشکەش کردوون. چەندین ڕاپرسیی ئەنجامداون. لە چەندین بەرنامەی بێشوماری بەناوبانگی جیهانی، لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆکاندا، چەندین دیمانەیان لەگەڵ سازکردوون. باسی ئاشتی و منداڵانی کردووە.

گریگۆری لە ڕێگەی دەرکەوتنە زۆرەکانییەوە، داوای لە سەرکردەکانی حکومەتەکان کرد، کە منداڵەکانیان وەک گەورەترین سامانی وڵاتەکانیان بزانن. کۆتایش بە توندوتیژی بەرانبەر بە منداڵان بهێنن. پەیامەکانی پڕن لە هیوا لە گەشبینی، خەڵکی زیاتر هۆشیارکردووەتەو بۆ هێنانەدیی مافەکان و پێداویستییەکانی منداڵان.

گریگۆری دەڵێت:"ئەرکی ئێمە، دروستکردنی داهاتوویەکی ئارام و ئاسوودە و تەندروستە بۆ هەموو منداڵان". لە ئەمەریکا و لە سەرانسەری جیهاندا. گریگۆری ژیانی بۆ ئەم پرسە جیهانییانە تەرخان کردووە و درێژەی پێدەدات. بەردەوامە لە خەبات و کارکردن، لە پێناوی ئاشتی و خۆشگوزەرانی منداڵان.

گریگۆری دەڵێت:" من خەون بەو ڕۆژەوە دەبینم کە هەموو منداڵان بتوانن بەبێ ترس و لە جیهانێکی ئارامدا بژین". دەشڵێت:"ئاشتی لە منداڵانی جیهانەوە دەست پێدەکات، کاتێک کە درێژە بە فێرکردنیان دەدەین. پێش ئەوەی فێری ڕق و کینە ببن. یەکەم هەنگاوی ئاشتیش لە ڕێی فێرکردنەوە دێت، چونکە فێرکردن تێگەیشتن دروست دەکات، تێگەیشتنیش دەبێتە هۆی چارەی ئەڵتەرناتیڤ".

گریگۆری دامەزرێنەری ڕێکخراوی (بەرگریکاری لاوانی نێودەوڵەتی) یە. کە ڕێکخراوێکە کاردەکات، بۆ پێشخستنی بنەماکانی ئاشتی و لەیەکتێگەیشتن لەنێوان لاوان لەسەرانسەری جیهاندا.

گریگۆری سمیس، بە هۆی هەوڵە مرۆییەکانی و چالاکییەکانی بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و بۆ مافەکانی منداڵان، لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پاڵێورا. کە بچووکترین تەمەنە تا ئێستا بۆ نۆبڵی ئاشتی کاندید بکرێت. لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا بۆ جاری دووەم، بۆ نۆبڵی ئاشتی کاندیدیان کرد. تا ئێستا چوار جار بۆ ئەم خەڵاتە کاندید کراوە.

گریگۆری سمیس، لە پێش تەمەنی (٢٠) ساڵیدا، لە تاقیکردنەوەکانی (مینسا) دا، بۆ پێوانەکردنی تێکڕای زیرەکی، پلەی زیرەکی و بلیمەتی گریگۆر (٢٠٠) پلەیە، واتە (٤٠) پلە لە سەرووی زیرەکی (ئەلبێرت ئەنیشتاین) و پرۆفیسۆر (ستیڤن هۆکنیگ) ەوەیە. کە پلەی زیرەکی هەریەکەیان (١٦٠) پلەیە.

هۆی بەکارهێنانی ناوی ئەنیشتاین بەرانبەر بە زاراوەی بلیمەتی، چونکە ئەلبێرت ئەنیشتاین ڕووناکبیرێکی ئەقڵی سەدەی بیستەم بوو. بۆیە کە باسی بلیمەتی کەسێکی زیرەک دەکرێت، بە ئاستی بلیمەتی ئەنیشتاین هەڵدەسەنگێنرێت.

لە ئێستا کە تەمەنی گریگۆری ئارِ سمیس سی و چوار ساڵە، چەندین پۆستی باڵای هەیە. سەرقاڵی لە چەندین بواری ئاکادیمی و لێکۆڵینەوەی پزیشکی و زانستییە، خەریکی بەدەستهێنانی دکتۆرای دووەمێتی.

(*) بۆ ئەم نووسینە، سوودم لە چەند سایتێکی ئینگلیزی وەرگرتووە.







# کەمال محەمەد: جەنگی درۆنەکان و ئاییندەی کوردستان

## وتاری کورد



درۆن ئەو چەکەی بە هیچ یاسایەك نابەستریتەوە، لە رۆژهەڵاتی ناوین بەرەو قۆناغێکی نوێ دەستی پێ کردوە. ئێستا بەکار هێنەرانی درۆن لە ناوچەکە، ئەتوانن بە شێوەیەکی ئاسان و سەرکەوتوانە دەستوەردانەکانی هەژمونگەرایی خۆیان بینەوەو ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن. بێ گومان سیاسەتی نایەکسانی مۆدێرنێتەی سەرمایەداری لە خۆرهەڵاتی ناوین رۆڵێکی دیارکەر لە ناوچەکە و جۆری ئەم چەکانە ئەبینێت کە چۆن لەگەڵ هەڵکشانی ئەو مۆدێرنێتە ئەم جۆرە لە چەکانە وەك پۆلینێکی نوێ هاتۆتە بازارەوە، ئێستای جەنگی درۆنەکان گوزەرکردنە بۆ جەنگی ئاسمانی و چاودێریکردنی نەیارەکانیان و بەکار هێنانی سنورنەناسانەی تەکنەلۆژیایە لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. جەنگی درۆنەکان خەسڵەتێکی تایبەتیان هەیە بۆ بەکارهێنەرانی، چونکە بەو پێیەی لە کوێ نێچیرەکان سەخت و شاراوە بوبن ئەم جۆرە لە چەکە ئاسانتری کردون بۆیان.

کاریگەرییەکانی ئەم چەکە لە جیهاندا رەنگدانەوەی جۆراوجۆری هەیە، بەو پێیەی زۆرینەی وڵاتانی ناوچەکە بون بە خاوەنی و چەندین وڵاتی دیکەش داوای بەدەستهێنانی ئەکەن، ئەمەش هەنگاوێکی تری یاخیبونی جەنگی زەمینییە بەرەو تەکنەلۆژیای نوێ، لە نێو گۆڕانکارییەکانی جیهاندا. هەرێمی کوردستانیش لە رووی سۆسیۆمێژوییەوە رێگەی پێ نەدراوە شادی و شکۆی بون و خاکەکەی ببینێت و هەمیشە نیشانەگیراوە لە کێشەو دژیەکی و نەهامەتییە خوڵقێنراوەکانی دەستی مۆدێرنێتەی سەرمایەداری و تەکنەلۆژیای جەنگ. ئەوەی لەم سەردەمەدا ئەبینرێ ئەو جەنگە نابەرامبەرەی چاودێریکەرو چاودێریکراوە، ئێستا درۆنەکان جەنگەکان یەکلایی ئەکەنەوە. ناوچەکە رۆژانە بە درۆنەکانی تورکیاو ئێران رۆژانە تاقی ئەکرێتەوە لە رێگەی هێزە نزیك و یارەکانیانەوە.

جەنگی درۆنەکان، ئەمرۆ سیاسەتی بەسیخوڕکردن و لەناوبردنی نەیارەکانە و سەپاندنی نەزمی نوێ و ئەو سیاسەتەیە کە پێی خواست و ئامانجی هێزی بەکارهێنەرە لەنێو خاکی بەکارهێنراودا، هەرێمی کوردستانیش بەشێکی دیاری ناوچەکەیە و ئەگەری نیشاندانی زیاترە لە دوبارە دارشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوین و سیاسەتی پشت پەردەی جەنگەکانی ناوچەکەو رۆژانە بەر هێرشە درۆنییەکان ئەکەوێت. ئێستای هەرێمی کوردستان هەر ئەوە نییە کە مۆنۆپۆلی تەواوی لە هەموو بار و بوارێکدا بۆ وڵاتانی هەرێمی هەیە، بەڵکو هەرێمێکە بەمانای هەبونی هەژمونی هێزی وڵاتان و دامەزراوە گەلی جیاواز لە دیدی هێزە نەیارەکانەوە. بۆیە هەرێمەکە لە مەودادا دور نییە دوکەڵ و گڕی نوێ بە خۆیەوە نەبینێت و ببێتە مەیدانی ئەو پاوانخوازییەی کە وڵاتان هەوڵی بۆ ئەدەن و ناوچەکە ببێتە شەڕی برێگرتەیی زلهێزەکان و دیوێکی تری جەنگی حەماس و ئیسرائیل و غەزەیەکی تر بهێننە کایەوە!.

هەرێمی کوردستان وەك بەشێکی دیاری خۆرهەڵاتی ناوین بەرەو نائارامییەکی تاریك هەنگاو ئەنێت. رۆژانە ئەم خاکە لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا هەواڵی هاویشتنی موشەکی درۆنەکانمان پێ ئەدات. درۆن ئەو چەکەی کە دزە ئەکاتە نێو کون و کەلەبەرەکان، بەشێوەی شەڕێکی شاراوەو نادیار جەنگی درۆنەکان قڕکردنی جەستەیی و گەوهەری خەڵك و خاکەکەیە کە چەندین جار جەنگەکانی دیکەی تێپەڕ کردوە. لە جەنگی درۆنەکاندا دەست نیشان کردنی هاوسەنگی ئاستەمە، چونکە ناوەڕۆکی پێگەدادانەکە هەرێمی کوردستانە کە شوێنێك نییەو لە رەوشێکی وەهادا نییە کە هێز بەخش بێت بۆ خودی خۆی بەردەوامی جەنگی درۆنەکان دور نییە گەل بەرەو بێچارەیی و وڵات بەرەو وێرانەیی و نەتەوەو کۆمەڵگاش دور نەخاتەوە لە ئاسودەی،ی چونکە تەلاری حکومڕانی هێندە قاییم نییە بەرگەی ئەو هەمو درۆنانە بگرێ کە روو لەخاکەکەمان ئەکرێت، بۆیە لەهەر گۆشەیەکەوە هێمای هاوکێشەکە ئەبینین ئەکەوینە بەر یەکێك لە پێشبینییەکانی قۆناغی دابەشکاری رۆژهەڵاتی ناوین.

# کەسایەتی منداڵەکانتان بەهێز ڕابگرن

## ئاسـۆ ئیبراهیم
## مامۆستا و هونەرمەند



گومانی تێدا نییە داهاتووی هەر میللەت و وڵات و دەوڵەتێک دواجار دەکەوێتە ژێر دەستی منداڵ و نەوەجەوانەکان بۆیە گرنگە بزانین چۆن رەفتار لەگەڵ منداڵەکانمان بکەین و کەسایەتییان بپارێزین


مامەڵەی تەندروست و پەروەردەیی دوو فاکتەری سەرەکین کە رۆڵەکانمان بەرەو ئاقارێکی باش ببیات جگە لەمانە کارەسات لە ژیانی منداڵەکانمان ئەخولقێنین

مەخابن زۆربەی زۆری دایباب و تەنانەت هەندێک لە مامۆستاکانیش هەر لەسەرەتای گەشە کردنی منداڵەکانەوە دەست دەکەن بە سەرکوتکردن و شکاندنی هەست و دەروونی منداڵەکان بەجۆرێک لە پاشەرۆژدا نەوەیەکی شەرمن و ترسنۆک شەخسیەت لاواز بەرهەم دەهێنن بۆ کۆمەڵگا و کاریگەرییەکەشی دواتر رەنگدەداتەوە لە نێو خودی کۆمەڵگادا بۆیە گەر دەتانەوێت کەسایەتی منداڵەکانتان بەهێز بن تاکو تەمەنی ٥ ساڵی بوارێکی زۆر گونجاوە کاری تێدا بکرێت بەجۆرێک هەمیشە ووشەکانی ( ئافەرین) (تۆ بەهێزی) ( تۆ ئەتوانی) (تۆ سەرکەوتووی) بەرامبەرمنداڵەکان بەکار بهێنن تاکو لەو رێگایەوە بتوانن پشت بەخۆیان ببەستن و باوەڕ بە هێز و توانای خۆیان بکەن

بەڵام هەرکات منداڵەکانتان شکاندەوە و لەبەر چاوی میوان و هاورێ و کەسانی بێگانە سەرزەنشتان کردن بێگومان بن کاریگەرییەکەی بۆ ئەبەد ئەمێنێتەوە و کەسایەتی بریندار ئەبێت

هەر بۆیە خوازیارم دایبابان لە ماڵەوە و مامۆستایان لە قوتابخانەکان پەی بەم رەفتارە ببەن و کار بکەن لەسەر بەهێزکردنی کەسایەتی رۆڵەکانیان

تا دواجار نەوەیەکی باوەڕ بەخۆبوو پێشکەشی کۆمەڵگا بکەین.





# حووسییەکان کێن و چیان ئەوێت؟

## سایتی هاوڵاتی

بەرەبەیانی رۆژی هەینی ١٢-١-٢٠٢٤ دوای چەندجار ئاگادار کردنەوەی حووسییەکان لە لایەن ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانیانەوە، هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بە هاوبەشی هێرشیان کردە سەر بنکە و شوێنەکانی حووسییەکان و بە پێی ئەو زانیارییانەی کە هێزی ئاسمانی ئەمریکا بڵاوی کردۆتەوە، ٦٠ خاڵ لە ١٦ شوێنی کە لە لایەن حووسییەکانەوە بە کار دەهێنران کراونەتە ئامانج و زیانی گەورەیان پێ گەیشتووە.

ئەم هێرشانەی ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی دوای ئەوە هات کە حووسییەکان بەردەوام بوون لە هێرش بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان لە دەریای سوور و بازرگانی ئەو ناوچەیان خستبووە مەترسییەوە.

لە وەڵامدا، حووسییەکان وەڵامی هێرشەکانیان دایەوە و عەلی قەحوم، سەرکردەی گروپی ئەنسار الله (حووسییەکان) لە بەیاننامەیەکدا لەسەر پلاتفۆرمی "X" بڵاویکردەوە، "وەڵامدانەوەی یەمەن زۆری نەخایاند، ئێستا هێزە چەکدارەکانی یەمەن وەڵامی کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکا و بەریتانیایان لە دەریای سور دایەوە، شوێن و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا-بریتانیا دەکاتە ئامانج، ئەوەی دێت گەورەترە".

ئەم سەرکردەیەی حووسییەکان هەروەها ئاماژەی بەوەشکردوە، سەنعای پایتەخت و پارێزگاکانی دیکە بە فڕۆکەی ئەمریکی و بریتانیا بۆردومان دەکرێن، شەڕەکە گەورەتر و گەورەتر دەبێت و لە دەرەوەی خەیاڵ لە دژی ئەمریکییەکان و ئینگلیزەکان، "شەڕێکی ئاشکرایە و هێزی یەمەنییەکان ئامادەیە و دەبێت چاوەڕوانی وەڵامی توندتربن و پەشیمان دەبنەوە لە شەڕانگێزی خۆیان".

جێگەیباسە دوا بەدوای هێرشەکان دەیان کەس لە بەردەم کۆشکی سپی لە واشنتۆن خۆپیشاندانێکی نارەزایەتییان دژی "دەستپێکردنی جەنگی ئەمەریکا بەرامبەر بە حوسییەکان" ئەنجام دا و خۆپیشاندەران دروشمی "بژی یەمەن، دەست لە یەمەن هەڵبگرن"یان دەگوتەوە.

هاوکات بەهۆی ئەو هێرشە ئاسمانییانەی ئەمەریکا و بەریتانیا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حوسییەکان، نرخی نەوت بە رێژەی 2،3% بەرز بووە و نرخی یەك بەرمیل نەوتی خاوی برێنت گەیشتە 79.22 دۆلاری ئەمەریکی.

حووسییەکان کێن؟

حووسییەکان گرووپێکی زەیدین، کە هەرچەن لە باری بیروباوەڕەوە زۆر لە شیعەکان نزیکن، بەڵام بە پێچەوانەی شیعەکان ئەوان باوەڕیان بە ١٢ ئیمام نییە، بە مانایەک ئەوان شیعەی ١٢ ئیمامی نین. ئەوان زەیدین. شیعەکان و زەیدییەکان لە دوای ئیمامی چوارەمی شیعەکانەوە لە یەکتر جیا ئەبنەوە. زەین ئەلعابدین ئیمامی چوارەمی شیعەکان و زەیدییەکانە. بەڵام لە ئیمامی پێنجەمدا زەیدییەکان و شیعەکان لە یەکتر جیا ئەبنەوە. شیعەکان محەممەد باقر کوڕی زەین ئەلعابدین بە ئیمامی پێنجەمی خۆیان ئەزانن. بەڵام زەیدییەکان، یەحیا کوڕی زەید بە ئیمامی پێنجەمی خۆیان ئەزانن. یەحیا کوڕی زەید، ناسراو بە ئیمامزادە یەحیای کوڕی زەید لە گونبەدی کاووس لە باکووری رۆژهەڵاتی ئێران نێژراوە.

زەیدییەکان ٣٥ لە سەدی دانیشتوانی یەمەن پێک دەهێنن و حووسییەکان کە خێڵێکی گەورەن لە پارێزگای سەعدە لە باکووری رۆژئاوای یەمەن، بەشێکن لە حەشیمەتی زەیدییەکان لە یەمەن.

زەیدییەکان بۆ ماوەی چەند سەدە، لە ساڵی ٨٩٣ی زایینییەوە تا ١٩٦٢ دەسەڵاتی یەمەنیان بە دەستبووە، بەڵام دوای ١٩٦٢ بەرەبەرە کەوتنە حاشیەوەو دەسەڵاتیان لێ وەرگیرایەوە. لە بری ئەوان سوننەکان کە نزیک بوون لە سعوودیە دەسەڵاتیان گرتە دەست. زەیدییەکان لە ١٩٦٢ەوە هەوڵیان داوە دەسەڵات بگرنەوە دەست و جارێکیتر شکۆی لە دەستچوویان بۆ بگەڕێتەوە.

لە ١٩٦٢ەوە تا ٢٠١٤ زەیدییەکان دەرفەتێکی ئەوتۆیان دەستنەکەوت بەوەی بتوانن هێز و تواناى خۆیان بخەنە ڕوو. ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی دەرفەتێکی بۆ ئەوان خولقاند کە بتوانن جارێکیتر خۆیان یەکبخەنەوە. لە سەردەمی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا و لە ساڵی ٢٠١١دا حووسییەکان توانیان دژی حکوومەتی ناوەندی عەلی عەبدوڵڵا ساڵەح شۆڕش بکەن و بوون بە هۆی رووخانی حکوومەتی عەلی عەبدوڵڵا ساڵەح و دوای ئەوە میلیشیا زەیدییەکان سەنعا پێتەختی یەمەنیان وەک پێتەختی خۆیان ناساند. حووسییەکان لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی ئەکران و عەلی عەبدوڵڵا ساڵەح لە لایەن سعوودییەوە پشتیوانی ئەکران.

ساڵی ٢٠١٥ و هاوکات لە گەڵ گفتوگۆی ناوکی کۆماری ئیسلامی ئێران و ٥ وڵاتی زلهێز لە لۆزانی سویسرا، بەرەیەکی عەرەبی بە رێبەری سعوودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی هێرشیانکردە سەر دەسەڵاتی حووسییەکان لە یەمەن و توانیان حووسییەکان تێک بشکێنن. بەڵام ئەم جەنگە کە چەند ساڵی خایاند بنبڕکردن و لەناوچوونی حووسییەکانی لێنەکەوتەوە کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی ئەکرێن، سەرەنجام دوای کوژرانی دەیان هەزار کەس و نەهامەتی و برسێتی، حووسیەکان کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی ئەکرێن و بەرەی سوننە کە لە لایەن سعوودیەوە پشتیوانی ئەکرێت، رێککەوتن و ئاگربەستێکیان راگەیاندووە. رەشاد عەلیمی وەک سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی بەدەستە.

لە ساڵی ٢٠١١ەوەو سعوودییە و ئێران بۆ ماوەی چەند ساڵ بە هۆی پشتیوانیکردنی ئێران لە حووسییەکان و پشتیوانیکردنی سعوودیە لە بەرەی سوننە، ناکۆکییە مێژینەکەیان قووڵتر بووەو بۆ ماوەی چەند ساڵ پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسیان نەما. بەڵام دوای ٢٠٢٢ و ئاگربەستی نێوان سوننەکان و حووسییەکان، پەیوەندی نێوان تاران و ریاز بەرە بەرە بەرەو باشتربوون رۆشت. سعوودییە بە شێوەی راستەوخۆ کەوتە گفتوگۆ لە گەڵ حوسییەکان و رێبەرانی حووسییەکانی یەمەن، بە شێوەی راستەوخۆ لە لایەن سعوودیەوە پێشوازیان لێکرا.

بۆچی حووسییەکان بوون بە بەشێک لە جەنگی ئیسرائیل حەماس؟

دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی تشرینی یەکەم و وەڵامدانەوەی ئیسرائیل، حووسییەکان رایانگەیاند بۆ پشتیوانی لە خەلکی غەزەو فەلەستین هێرش ئەکەنە سەر ئەو کەشتیانەی کە سەر بە ئیسرائیلن یان بەرەو ئیسرائیل ئەڕۆن. هەرچەند لە زۆربەی هێرشەکانیاندا هێرشیان کردۆتە سەر ئەو کەشتییە بارهەڵگرانەی کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئیسرائیلەوە نەبووە. حووسییەکان تەنانەت پێش دەستپێکی جەنگی حەماس کێشەیان بۆ کەشتییە بازرگانییەکان لە دەریای سوور دروست ئەکرد. بەڵام لە رۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمەوەو دوای تەقینەوەی نەخۆشخانەی ئەلهەلی غەزە، هێرشەکانی خۆیان زیاتر کردوە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی سینتکۆم بڵاوی کردۆتەوە، لە ١٩-١١-٢٠٢٣ەوە، ٢٦ جار لە لایەن حووسییەکانەوە هێرش ئەکرێتە سەر کەشتییە بازرگانییەکان لە دەریای سوور.

هێرشە بەردەوامەکانی ئەمریکا بۆ سەر کەشتییەکان، وایکردووە ئەمریکا هێزێکی تایبەتی دەریاوانی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی کەشتییە بازرگانییەکان لە دەریای سوور پێک بهێنێت.

حووسییەکان بەردەوام باس لەوە ئەکەن تا ئەو کاتەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە رانەگیردرێت، دەستبەرداری هێرشەکانیان بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان نابن.

هەرچەند رۆژی سێ شەممە ٢١-١٢-٢٠٢٣ دوای ئەوەی حووسییەکان هێرشیان کردە سەر کەشتیەکی نەرویجی، یەحیا سەریع وتەبێژی حووسییەکان رایگەیاند تا ئەو کاتەی خاردن و دەرمان بۆ برایانی فەلەستینیمان لە کەرتی غەزە دابین نەکرێت، بەردەوام ئەبین لە هێرشەکانمان.

پەیوەندی نێوان حووسییەکان و ئێران

دوای هەر هێرشێکی حووسییەکان بۆ سەر کەشتییە بارهەڵگرەکان، ئەمریکا کۆماری ئیسلامی وەک بەرپرسی ئەو هێرسانە ناساندووە، بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە رێبەرانی حووسییەکان و میلیشیا سەربازییەکانیتر کە ئێران وەک ( هێڵی بەرگری ناویان ئەبات، سەربەخۆ کار ئەکەن و فەرمان لە کەس وەرناگرن.

چەند ساڵ لەوە پێش ، سعوودیە لەو ساڵانەدا کە لەگەڵ حووسییەکان لە جەنگدا بوو بەردەوام کۆماری ئیسلامی بەوە تۆمەتبار ئەکرد کە پشتیوانی میلیشا حووسییەکان ئەکات. هەروەها لەم ساڵانەدا بەردەوام ئەمریکا و سعوودیە، کۆماری ئیسلامی بەوە تۆمەتبار ئەکەن پشتیوان و هاندەری حووسییەکان بوون لە هێرشەکانیان بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکان ئارامکۆ لە ساڵی ٢٠١٩، هەروەها ئەو هێرشانە بە چەکی ئێرانی کراوەتە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعوودییە.

هەروەها لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ دا، بەرپرسانی ئەمریکی بە نمایش کردنی بەشێکی تێکشکاوی مووشەکێک کە دەوترا لە یەمەنەوە بەرەو سعوودییە هەڵدراوە، باسیان لەوە کرد پارچەی ئەو مووشەکانە لە ئێران بەرهەم هاتووە و دامەزراوەیی پێشەسازی سەربازی ( شەهید باقری ئێران) دروستی کردووە.

چاودێرەکان لەسەر ئەو باوەڕەن جۆری هێرشی حووسییەکان بۆ سەر کەشییە بازرگانییەکان، زۆر لەو هێرشانە ئەچێت کە هێزە دەریاییەکانی سپای پاسداران پێشتر کردوویانەتە سەر کەشتییە بازرگانییەکان لە کەنداو. هەروەها لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە بەرەی عەرەبی بە رێبەری سعوودییە و یەمەن دژی حووسییەکان دەجەنگان، سعوودییە زۆرجار باسی لەوە کرد بە مووشکی زولفەقاری ئێرانی هێزەکانی بەرەی عەرەبی و سعوودییە.

حسێن بەدرەدین حووسی، رێبەری حووسییەکان لە دەیەی ١٩٨٠ سەردانی قومی کردووەو پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دامەزراندووە. لەو کاتەوە پەیوەندییەکانی دوولایەن پەرەی سەندووەو کۆماری ئیسلامی بەردەوام پێشوازی لە رێبەرانی ئەم گرووپە میلیشیا شیعەیە کردووە.

بە هەموو ئەمانەوە بە هۆی جۆری پەیوەندییە شاراوە سەربازی و ئابوورییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و حووسییەکان، بەڵگەی روونتر لەم پەیوەندەدا و لەسەر هاوکاری و پشتیوانییەکانی کۆماری ئیسلامی لەم گرووپە لە بەردەستدا نییە، بەڵام هەموو کەس بە دڵنیاییەوە باس لەوە ئەکەن چالاکییەکانی حووسییەکان وەک یەکێک لە هێزە بریکارەکانی کۆماری ئیسلامی، لە بەرژەوەندی تاراندایە.



# حاجی کاک ئەحمەدی شێخ

ناوی تەواوی:

(ئەحمەد مەعرووف سەیدمستەفا سەیدئەحمەد سەیدمحەمەد) ە. لە ساڵی (1207ک-1792ز) لە گەڕەکی (شێخان) ی شاری (سلێمانی) لەدایک بووە. دایکی (ئایشە) خان، ژنێکی لەخواترس و پارێزکاربووە. هیچ کات بەبێ دەستنوێژ شیری پێنەداوە. کاک ئەحمەدی شێخ بەمنداڵیی شیری کەسی نەخواردووە. لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان شیری نەخواردووە تابانگی فەرمووە، دایکی بەوەدا زانیویەتی بانگی فەرمووە.

دەستنووسێکی کاک ئەحمەدی شێخ

چوونەحوجرە:

کاک ئەحمەدی شێخ چونکە (شێخ مارف) ی باوکی پیاوێکی زانابووە. سەرەتا لای باوکی قورئانی خوێندووە، لەگەڵ پەرتووکە وردەکانی ئەوسەردەمە. پاشان دەستی کردووە بەخوێندنی (نەحو) و (سەرف) . بەشێوەی قوتابییانی تری کوردستان خوێندوویەتی و پلەکانی زانستی بڕیوە و بووە بە زانایەکی باش و ئیجازەی وەرگرتووە. پاشان لەخزمەت باوکی تەریقەت وەردەگرێ و لەپاڵ تەریقەت خەریکی تەدریس دەبێت.

کۆچی دوایی کاک ئەحمەدی شێخ:


کاک ئەحمەدی شێخ لە ڕۆژی دووشەممە، لە مانگی موحەڕڕەمی ساڵی 1305کۆچیی، بەرانبەر بە 1887زایینیی لە گەڕەکی (شێخان) ی سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە (مزگەوتی گەورە) بەخاک سپێردراوە.

کوردپیدیا




لە چاومدا وێنەیەک هەیە
هەرگیز کاڵنابێتەوە
ئەو بەیانییەی تەیرەکەم
هەڵفڕی و نەگەڕایەوە
لێرەوە باوەڕم هێنا
گرنگیپێدانی لەڕادەبەدەر
هەڵەیە هەڵە.
لە پێیەکانمدا هەنگاوێک هەیە
قورس قورس
لە هەنگاوەکانیشم ئومێدێک
دوور دوور
چاوەڕوانیم شەکەت بووە.
لە واقیعی مندا
خەیاڵێک هەیە قەدەغە
هەر جارێ چاودائەخەم
دوعا دوعا بەردم تێدەگرن.
گەرووم هاوارێکی تێدایە
لە مردن نەبێ لەهیچی تر ناچێ
پاسپۆرتەکان کاسن بەبێدەنگی
ڕێگاکانیش
ئامادەن بۆ سەفەر.
***
ڕەوەند ساڵح


ئەودیوی شتەکان
لەوبەری ڕووبارەکەوە
ماسییەک..
لە داخی ژهراویبوونی ئاو
خۆی بە پەتی وشکی کەناردا هەڵواسی
پیاوێکیش ئەو تۆڕەی کۆدەکردەوە
کە سەدان خەمی گەورە و بچووکی پێ ڕاو کردبوو!
شەوێک مانگم بینی،
پاش ئەوەی لە ڕووبارەکەدا
خۆی شۆری، ڕەنگی بە بەرەوە نەما،
ژنێکی تەنیاش تا بەیانی
بەدیار درەختێکی نووستووەوە
بیری لە خەونی ئەو گەڵایانە دەکردەوە
کە لە خەمی مردنی وەرزێکدا
خۆیان بۆ هەڵوەرین ئامادە کردبوو!
دەمێک بوو خۆرم دەناسی
پێشتر لە کاتی هەڵاتنیدا
لە پشتی شاخەکانەوە
هەزاران ڕەنگی هەبوو،
هەر ڕەنگێکیشی بۆ من
چیرۆکێکی جیاواز و نەبیستراو بوو !
بەڵام ئێستاکە ناوێرم
بیر لە تەماشاکردنی بکەمەوە،
ڕەنگی تیشکەکانی
دەچێتەوە سەر ڕووخساری ماتی ئەو ئازیزەم
کە ساڵی ڕابردوو
بە هەناسەی سوارەوە
لە دووکەڵدا خنکا،
چەندە هەستێکی ئازاربەخشە
پێتوابێت ئیدی
هەور جگە لە غوبار
دڵۆپێک باران لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت؟
چەندە سەختە
بینی دەستەکانی ڕەشەبا
پڕن لە گوڵی هەڵوەریوی باخچەکان!
کەس نەپرسی بۆچی ژیان
لە کۆتاییدا...
جگە لە شمشێر و خوێن
هیچی تری بە میرات
بۆ جێنەهێشتین؟
هەمووان لەبری قووڵبوونەوە
لە ڕژانی ئەو هەموو خوێنە
دووبارە بیر لە چۆڵەوانی و
ئەو ڕێگایانە دەکەنەوە
کە پێشتر پێیدا ڕۆیشتن و
ئەسپی شەکەتی دۆڕان
گەیاندیانی بە هیچ!
هەمووان چاوەڕوانی موعجیزەیەکن
کە هەرگیز ڕوونادات
هیچ ڕووداوێک بەڕێوە نییە!
ئێمە هیچ کات نەمانوێراوە
لە دەرەوەی خەونەکانمان بژین
بۆیە بەردەوام لە هیچەوە دەستپێدەکەین و
بە هیچیش کۆتاییمان دێت!
ڕۆژێک بیرمان لە دیوەکەی تری خەون
نەکردەوە،
هەرگیز ڕێگەیەکی جیاوازمان تاقی
نەکردەوە،
تەنانەت نەمانتوانی
بۆ ساتێکیش خۆمان لە دووبارەبوونەوە
بشارینەوە،
هەمیشە بەسەر شەقامەکانەوە
چاوەڕوانی شەوەکانمان دەکرد
پێمانوابوو،
هەموو شتێک لە شەودا
بە جوانی و بێدەنگیی تێدەپەڕێت
پێمانوابوو ..
کاتێک ئاسمان خەو دەیبانەوە
دەتوانین ئەستێرەکان
فریو بدەین و
خەمەکانمانی لەگەڵدا بکۆڕینەوە
بە نەرمە درەوشانەوەیەک،
تیشکی گڵۆپە ڕەنگاورەنگەکانی سەر
شەقام
هێمنی دەکوژن و
هەستەکانمان پڕ دەکەن
لە فەوزای هۆتێلی
پێنج ئەستێرە و
ژاوەژاوی کڕین و فرۆشتنی شەوورا
بینینی پاسەوانێک لە شەودا
بەسە بۆ ئەوەی خەیاڵمان پڕکا
لە قیژە و هاوار و نائومێدی !
وەڕینی سەگێک
لە پشتی دەرگایەکی داخراودا
بۆ مێتێکی شەکەت لەم تەمەنەدا
جگە لە دڵتەنگی مانایەکی تر نابەخشێ!
ئێستاکە دەزانم
لیکاکانم ڕێک لە ئێزامانی مردوویەک
دەچن!
چەندە سەیرە ئەم هەستە..
خۆمن پێشتر مردنم تاقی نەکردۆتەوە
خودایە ئەمە چ هەستێکە!
پێشتر هەموو ئەو بەسەرهات و
چیرۆکانەی بۆم باسدەکران
وەکوو ڕاستییەک وەرمدەگرتن
کەچی ئێستاکە هەموو ڕاستییەکان
وەکو چیرۆکێک دەبینم!
ئێستا دەزانم
لە کاتی ڕووناکی و تاریکیدا
ژینگەی نەخۆشیی ئاسمان و زەوی
هیچ گۆڕانێک بەخۆوە نابینن،
هیچ ئازارێک هێندەی تێکەیشتن ئێشی
نییە!
چەندە سەختە
بزانیت شیرینی دیوی دووەمی تاڵییە و
بێدەنگیش چەترێکە
لە کاتی بارینی ژاوەژاودا
گەمژەیەک
بۆ خۆشاردنەوە هەڵیدەدات!
**
هاژە بەرزنجی


شەوانی
بەفرانبار
بەهەناسەی
ژن خۆی
گەرم
دەکاتەوە
کلوی بەفرا!
سەردار قادر


للێ
خونچە
شیعر
(1)
ئەی چە رخی چە پگەردی ڕۆژگار
بۆئەوە ندەم ئە دەی ئازار
کۆشکی ئاخم هێلانەیەکی وێرانە
ڕۆح لەناو سینەدا وێڵ و..
سەرگەردانە
دڵ لەت لەت و...
کەلاوەیەکی ڕووخاوە
هە رپارچەیەک ...
لە شوێنێکا بەجێماوە
(2)
ئازارەکان چە ندە ئاسان
دڵ ودەروون ئە کە ن وێران
لە گە ڵ نوسینی دێڕێکا
پە نجە کانم دێتە لە رزین
(3)
لە ژیان چاوە ڕێی شیرینیم لێ ئەکردی
بە ڵام تۆ هە میشە تاڵیت کردە دیاری بۆم
ویستم خە مە کانم بشارمە وە
بە ڵام لە ڕوخساری بێنازم
خە مە کانم بە دی ئە کرێ
هە موو ئەوانەی
ڕۆژانێک خە مە کانم بۆباس ئە کردن
هە رئەو بە ناو هاوڕێیانەبوون
خە مباریان کردم
لە جە نگە ڵستانی ژیان..
تینوێک بووم
ڕێبوارێک بووم بێ ناونیشان
***
پیرۆز عەبدوڵڵا
نەورۆز باوزی
2023/7/26

# هێندێ زانیاری سەبارەت بە مێژووی کورد



دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز

لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد، قەوارەیەکی سەربەخۆ و یەکگرتووی نەتەوەیی خۆی نەبووە و نییە، لە لایەکەوە نەیتوانیوە، ڕووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکانی خۆی تۆمارکا. لە لایەکی دیکەشەوە، داگیرکەرانی "کوردستان" هەمیشە هەوڵیانداوە، ئەو مێژووە بشارنەوە و لەبیر ڕۆڵەکانی کوردی بەرنەوە، یا بیشێوێنن و کورد لە مێژووی ڕاستەقینەی خۆی دوورخەنەوە. مێژوونووسانی خۆشمان، زۆر درەنگ هەستیان بە ئەم ستەم و فێڵبازیی و شێواندنە کردووە، یا لەبەر هەر هۆیە بووبێ، بایەخیان پێ نەداوە، هێندەی ڕاژەی زمان و مێژووی نەتەوە داگیرکەرەکانی دیکەی "کوردستان"یان کردووە، هێندە بایەخیان بە زمان و مێژووی نەتەوەکەی خۆیان نەداوە. تا کەڵەپیاوێکی مێژوونووسی گەورەی وەك "شەرەفخانی بەدلیسی" هەڵکەوتووە و هەستی بە ئەو کەلێنە گەورەیە کردووە، شاکارە گرنگ و پڕ بایەخەکەی خۆی "شەرەفنامە"ی لە "1005"ی کۆچییدا نووسیوە، بە ئەو شیکردنەوە نەتەوەیییەش هەوڵیداوە، تاپۆیەکی مێژوویی بۆ خاکی "کوردستان" و نەتەوەی کورد دەربێنێ، لەدەس درۆودەلەسەی نووسەرانی سەر بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی نیشتمانەکەمان ڕزگارمانکا، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هوشیارکاتەوە و هەستی خۆبەکوردزانیان لا زیندووکاتەوە.

ئیدی بە ئەو شێوەیە، داگیرکەران هەوڵێکی زۆریان داوە، هەموو شتێکی کوردیمان لەبیربەرنەوە، یا وامان تێبگەیەنن، کە نەتەوەی کورد نە خاك و نە مێژووی نەتەوەیی خۆی نییە، وەك چۆن لە مێژووی هاوچەرخماندا، تووركەكان کورد بە تووركی شاخاویی و خاکی "کوردستان"یش، بە بەشێ لە نیشتمانەکەی خۆیان دادەنێن، وەك ئەوەی لە بنەڕەتدا، ئەو ڕووبەرە فراوانەی ئەورۆ، لەسەری دەژین و بە دەوڵەتی "تووركیا" ناسراوە، خاکی مێژوویی خۆیان بووبێ و لە باپیرە گەورەکانیانەوە، بۆیان بەجێمابێ!

لەبەرئەوە داگیرکەران چەندین ساڵە، سەردەمێ کوردیان بە بەشێ لە نەتەوەی فارس و زمانەکەشیان، بە دیالێکتێکی خاوێنی زمانەکەی خۆیان داناوە. سەردەمێکی دیکە بە عەرەب و سەردەمیکی دیکەش، بە تووركی شاخاوییان ناساندووە. بۆیە شتێکی سەیر نییە، بە ئارەزووی خۆیان، شەن و کەویان لە خەرمانی مێژووی کورددا کردبێ، چ شانازیی و شارستانییەتێك، لە ئەو مێژووەدا هەبووبێ، بۆ خۆیان تۆمارکردبێ، یا بەدەسی ئانقەست شێواندبێتیان، کوردیان سووك و ڕیسواکردبێ، ڕۆڵەکانی کوردیش هێندە ساویلکە و نەزان بوون، باوەڕیان پێ کردوون، پێیان بە ئابڕوو و ویژدانی نەتەوەیی خۆیاندا ناوە، شەرمیانکردووە، خۆیان بە کورد بزانن و ئاوڕێکی کوردانە، لە ئەو مێژووە پڕ لە خوێن و فرمێسکە بدەنەوە!

بۆ نموونە: جێژنی "نەورۆز"، بە یەکێ لە ئەو دەستێوەردان و شێواندنە گەورانەی مێژووی کورد دەژمێررێ، کە پیاوێکی زۆرزانی ساختەکاری وەك "فیردەوسی"، بە ئارەزووی دڵی خۆی و لەسەر داوای شاکانی فارس، سەرلەبەری ئەو مێژووەی گۆڕیوە، کای لەبەردەم سەگ و ئێسکیشی لەبەردەم ئەسپدا داناوە، دەسەڵاتدارانی کوردی، بە زۆردار و چەوسێنەر، تیرە و هۆزەکانی فارسیشی، بە زۆرلێکراو و چەوساوە ناساندووە، سەرلەبەری ئەو مێژووەی وا شێواندووە، نەك هەر ڕۆڵەکانی فارس باوەڕییپێدەکەن، بەڵکوو هێندێ کوردزمانیشی، لە خشتەبردووە و درۆودەلەسەکانی ئەو، لە نووسینەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە و کاوێژیدەکەنەوە!

ئاخر (یەکەمین فەرمانڕەوایی لە مێژوودا، کورد لەسەر زەوی درووستیکردووە، "پێشدادی" بوو. یەکەمین کەس شارستانی درووستکرد و کەڵکی لە خێراتی زەوی و سوونەتەکانی وەرگرت، "جەمشید" پاشای کورد بوو. یەکەمین ڕاپەڕینی میللی لە مێژوودا، دژی "زوحاك"ی"خوێنڕێژ"، "کاوە"ی ئاسنگەری کورد بەرپایکرد. یەکەمین شۆڕشی سەرکەوتوو، لە شاخەوە هەڵتۆقی و زۆرداری شاری ڕووخاند، "فەرەیدوون"ی کورد بوو. ئەمانە هەموویان، ڕووداوی "5" هەزار ساڵ لەمەوبەرن، بەڵام چونکە قەوارەیەکمان نەبووە، شەرمدەکەین، باسی گەورەیی ئەو دەسکەوتە بێ وێنە میللییانە بکەین و خەڵکیش باوەڕمان پێ ناکا! ئەوەتە "کاوە" دەکەنە ناپاك و "زوحاك"یشان لێ کردووین بە نیشتمانپەروەر، "پێشدادی"یان لێ کردووین بە فارس، نەورۆز و "کاوە" بە ئەفسانە. دەڵێن: دەوڵەتی "میدیا"ش کورد نەبووە، تەنانەت "زەردەشت" و "ئاڤێستا"شیان، بە فارسی داناوە و ناوەڕۆکی پەرتووکەکەیان گۆڕیوە!)"17،3"

بۆ مێژوو دەڵێم: نەتەوەی کورد زۆر لە کۆنەوە، لەسەر خاکی باووباپیرانی خۆی ژیاوە. واتە نەتەوەی کورد، بە یەکێ لە ئەو نەتەوە هەرە دێرین و ڕەسەنانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێررێ. "کوردستان"یش جێی ژیانی کۆنترین مرۆڤ بووە، چونکە شوێنەوارە کۆنەکانی مرۆڤ، لە پێش زایینەوە، لە ئەم نێوچەیەدا دۆزراونەتەوە. لە گرووپە ئێتنیکەکانی لە نێوچەکەشدا ژیاون، وەک "فارس، هیندی، ئەرمەن، بلوژ ...".

دواتریش هەردوو نەتەوەی عەرەب و توورك هاتوون، نێوچەکەیان بە جەنگێکی خوێناویی و زۆرەملی داگیرکردووە، زمان و ئایینەکەی خۆشیان، بەزۆر بەسەر گەلانی نێوچەکەدا سەپاندووە، شانبەشانی نەتەوەکانی دیکە پێکەوە ژیاون. چونکە هەر لە پێش زایینەوە، شوێنەوارە کۆنەکانی مرۆڤ، لە ئەم نێوچەیەدا دۆزراونەتەوە.

گرووپە ئێتنیکەکانی دانیشتووە دێرینەکانی "کوردستان"، لە هەموو ڕوویەکی شارستانییەوە، لە نەتەوە پێشەنگەکانی نێوچەکە بوون. شوێنەواری دەوری بەردینی (بەردەپەڵکە، ئەشکەوتی شانەدەر، هەزارمێرد، زەرزی، قەڵای چەرمۆ، تەپەگیان ...)، بە دەیان ئەشکەوت و شارە ژێرزەمینییە سەرسووڕهێنەرەکەی "کەبەدۆکیاو"، زۆر لە شوێنەواری مێژووی دیکەش، نەخش و هەڵکەندراوەکانی قەدپاڵ و کێوەکان، پاشماوەی خانووە کۆنەکان و ئەو کەلوپەلانەی، لە پێدەشتەکان دۆزراونەتەوە، لەگەڵ ئەو بەڵگە و نووسراوانەی تا ئێستە هەن، ئەو هەموو کەلەپوور و سامانە کەلتوورییانە، بیری کۆمەڵایەتیی و فەلسەفییەی لە (کوردستان)دا هەن، بە درێژایی مێژوو، بەدەمی یا بەنووسراو پێمان گەیشتوون، وەک چاکترین بەڵگەی زانستیی و مێژوویی وان. لە "کوردستان" هەر لە سەردەمێکی کۆنەوە، هێندێ میرنشین و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی و بیانی دامەزراون، لە زۆربەی ڕووەکانی شارستانییەوە، مۆرکی "کوردستان"یان پێوە دیارە.

جگە لە ئەوەی، هێندێ بنەمای شارستانی دیکەی وەک زانست، پیشەسازی، کشتوکاڵ، ماڵیکردنی ئاژەڵ، نووسین و داهێنان ... هەر لە "کوردستان" پەیدابوون و گەشەیانکردووە. بۆ نموونە: (سۆمەرییەکان هەر لێرەوە، ئەو شارستانیی و پێشکەوتنانەیان، لەگەڵ خۆیان بۆ خوارووی عێراق بردووە.)"61، 18"

هەروەها لە بەڵگەنامە مێژوویی و ئاسەوارییەکاندا، گەلێ زانیاری لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هەن، لەسەر نێوچەکە دۆزراونەتەوە. سەرچاوە ئایینییەکانیش ئاماژەیان پێ کردووە، یەکەمین لانەی گەشەکردنی بنەمای بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی، ئایینی، فەلسەفەی چاکسازیی و مرۆڤایەتی، مەڵبەندی پیاوچاکان و پەیامبەرانیش، هەر لە "کوردستان" بوون. بۆ نموونە: "ئادەم و حەوا". بەپێێ هێندێ ئایەتی قورعان و تێکستەکانی نێو تەوراتیش بێ، کەشتییەکەی "نوح"، لەسەر چیای "جودی: گۆتی ـ وڵاتی گۆتییەکان" گیرساوەتەوە. هەروەها "برایم" کە بە باوکی پەیامبەران ناسراوە، هەر لە "کوردستان" لەدایکبووە و گەورەبووە. تیرە و هۆزەکەی، لە دەوروبەری شاری "ڕەحا ـ ئۆرۆها" ژیاون. سەرچاوەی عیبری هەیە، ئاماژە بە ئەوە دەکا، پەیامبەر "برایم"، لە باکووری "کوردستان" لەدایکبووە و هەر لە ئەوێشەوە، بۆ فەلەستان کۆچیکردووە.

هەروەها (دوای کۆچیدوایی پەیامبەر "موسا". تەورات بەرەبەرە نووسراوەتەوە، باسی "500" ساڵ پێش "عیسا"ی کردووە، باسی ئەستێرە و ناوی پاشاکانی فەرمانڕەوای هەخامەنشییەکانی تێدا هەیە و بە ڕوونی نووسراوە، لەگەڵ ناوی پاشاکانی میدیا، نزیکەی دوای "1500" ساڵ بەسەر لەدایکبوونی "برایم" پەیەمبەردا تێپەڕبووە.)"61،21"

ڕەنگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هیچ نەتەوەیەک نەبێ، هێندەی نەتەوەی کورد چەوسابێتەوە و زۆری لێ کرابێ، مێژووەکەی شێوێنرابێ. سەیر ئەوەیە، نەک هەر دەوڵەتە داگیرکەرەکانی "کوردستان"، دان بە مێژووەکەماندا نانێن و بڕواناکەن، کورد مێژوویەکی دێرین و سەربەخۆی هەبێ، بەڵکوو پێشەوایانی ئایینی ئیسلامیش، هەر لە سەردەمی جێنشینەکانەوە، تا ئەوڕۆش بە هێندێ لە مەلاکان دەگا، کورد بە نەوەی جنۆکە و دێوودرنج دەزانن، تەنانەت هێندێ جاش مەلای کوردیش هەن، ئەو درۆودەلەسانە، بە ئەرکی ئایینی سەرشانی خۆیان دەزانن و لە دیدارەکانیاندا، دووبارەیان دەکەنەوە.

لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم: بەشێوەیە لە شێوەکان، ڕەنگە سووکایەتی بە نەتەوەکانی دیکەی سەر زەویش کرابێ، بەڵام هیچ نەتەوەیەک نییە، هێندەی نەتەوەی کورد، سووکایەتی پێ کرابێ و مێژووکەیان شێواندبێ، مێژوویەکی درۆیان بۆ هۆنیبێتەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، نەتەوەی کورد وەک نەتەوەکانی عەرەب، فارس و توورک، هەرگیز خاکی هیچ نەتەوەیەکی دیکەی دوور و نزیکی داگیرنەکردووە. بە هیچ شێوەیە، مێژووەکەیانی لەکەدارنەکردووە و سووکایەتی پێ نەکردوون. بەتایبەتی دوای ئەوەی ئایینی ئیسلام بڵاوبووەتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، "کوردستان" هەمیشە لانکەی نەو نەتەوانە بووە و ڕێزێکی زۆریشیان لێ گیراوە.

بە ئەو شێوەیە و زۆر بێ ویژدانانە، هەر جارەی نەژاد و بنەچەی کوردیان، بۆ سەر تیرە و هۆزێکی بیانی بردووەتەوە. بۆ نموونە: سەردەمێ کوردیان بە نەوەی "عومەری کوڕی سەعسەعەی عەرەبی" داناوە! یا وەک لەپەرتووکی "مروج ئەلزەهەب"دا، "مەسعوودی"، کوردی بە زادەی ئەو کەنیزانە داناوە، وەک کارەکەر کاریانکردووە و لە دەرباری کۆشکەکانی "سولەیمان" پەیامبەردا ژیاون، ناپاکیی و کاری خراپەیان لە "سولەیمان" کردووە، بۆیە دەریانکردوون و لە نێوچە شاخاوییەکان گیرساونەتەوە، وەک بە عەرەبی دەڵێن: "و اکردهن الی الجبال." واتە بۆ شاخەکان دەرکراون و ئەم کوردانەیان لێ کەوتووەتەوە، ئێدی ناوی کوردیان لێ ناون! "98، 208"

هێندێ مەلای نەزانی بێ هۆش و گۆشی نەتەوەی کوردیش، سەبارەت بە زمانی کوردی گوتوویانە: (زمانی عەرەبی هونەرە. زمانی فارسی شەکرە، زمانی کوردی تەرسی کەرە!)"61، 34"

هەروەها لە ئەو بارەیەوە، فارس و توورکە داگیرکەرەکانیش، کەمیان بە کورد نەکردووە و درۆدەلەسەیان نەهۆنیوەتەوە، بەڵکوو هەموو شتێکیان دژی کورد و زمانەکەی کردووە. بۆ نموونە: فارسەکان هەر لە کۆنەوە تا ئەوڕۆ، کورد بەبەشی لە نەتەوەی فارس و زمانەکەشمان، بە دیالێکتێکی زمانی فارسی دادەنێن، هەموو پێشکەوتنێکی کورد و گەلانی دیکەی نێوچەکەش، بۆ شارستانییە کۆنەکانی فارسەکان دەگێڕنەوە. بەڵام گەر تەماشایەکی لاپەڕەکانی مێژووی گەلانی نێوچەکە بکەین، لە هێندێ سەرچاوەی مێژووی کۆنی نێوچەکدا، زۆر بەئاشکرا دەبینین، نەتەوەی کورد زۆر لە کۆنەوە، لەسەر خاکی باوباپیرانی خۆی ژیاوە، یەکەمین دەسەڵاتیشی لە نێوچەکەدا، ساڵی "700"ی پ. ز.، ئیمپراتۆریای "میدیا"ی دامەزراندووە. مێژوونووسانی کۆن و نوێش، چ بیانیی و چ شارەزایانی گەلانی نێوچەکە، وەک "هێرۆدۆت، گزنەفۆن، سترابۆن و کتزیار"، گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن، کە هەموو پێشکەوتن و شارستانی نێوچەکە، بۆ سەردەمی "میدی"یەکان دەگەڕێتەوە، وەک لە هەردوو پەرتووکی ئایینی "تەورات" و "دینکرت"یشدا هاتووە و چەندین جار، ناوی "مید" دووبارە بووەتەوە.

جگە لە ئەوەی، وەک لە هێندێ لە سەرچاوەکاندا دەردەکەوێ، هێندێ زانا و شارەزای مێژوو لە ڕۆژهەڵاتناسیدا وەک "راوڵنسۆن، بۆرنۆف، لاسن، دارمستیتر، پورداود ..." پێیان وابووە: (زمانی سەردەمی فەرمانڕەوایی هەردوو ئیمپراتۆریای ماد و هەخامەنشی، لە زمانی ئاڤێستا چووە.)"61،43"

بەڵام لە ئەو سەردەمانەدا، ئایینی سەرەکی فەرمی گەلانی "ئێران"، ئایینی زەردەشتی بووە. ئایینێکی یەکتاپەرستی بووە، سێکوچکەی بیرەکەیان و دروشمە بەناوبانگەکەشیان ئەوە بووە: "بیری چاک، وتەی چاک و کرداری چاک." لە ئایینی زەردەشتیدا، "خاک، ئاو، هەوا و ئاگر" پیرۆز و چوارینەیەکی پێکهاتەی بوونی گەردوون بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کاتێ کورد توانا و دەسەڵاتی هەبووبێ، هەرگیز داگیرکردن و ستەمی پەسەندنەکردووە، هەمیشە داکۆکی لە نەتەوە و خاکی نیشتمانەکەی خۆی کردووە، وەڵامی میرەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی نیشتمانەکەی داوەتەوە و بە هەموو توانای خۆشیەوە، لەپیاوی مافە ڕەواکانی خۆیدا تێکۆشاوە.

بۆ نموونە: ساڵی "612"ی پ. ز. هەردوو سەرکردە "کەیئۆخسار"ی شای "میدیا"، لەگەڵ "نابۆپۆلاسەر"ی بابلی کلدانیدا، هاوپەیمانییەکیان کردووە، هێرشێکی هاوبەشیان، بۆ سەر "نەینەوا"ی پایتەختی ئیمپراتۆریای داگیرکەری کۆمەڵکوژی ئاشووری کردووە، گەمارۆی "نەینەوا"یان داوە، لە ئەنجامدا سەرکەوتوون، تەختوتاراجی دەوڵەتەکەیان، بۆ تاهەتایە لەناوبردووە، شاری "نەینەوا"شیان تێکداوە و تەختکردووە.

هەروەها توورکە داگیرکەرە ڕەگەزپەرستەکانیش. دوای ئەوەی ساڵی "1925"، کۆماری توورکیایان دامەزراند و تا ئەوڕۆش بە هیچ شێوەیە، دان بە گەلێکدا نانێن، ناوی کورد بێ، خاک و زمان و مێژووی تایبەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ، بەڵکوو بە توورکی شاخاوی دادەنێن. قسەکردنیش بە ئاشکرا بە زمانی کوردی، نەک هەر لە شوێنە فەرمییەکاندا، تەنانەت لە شوێنە گشتییەکانیشدا قەدەغەیە.

2024 .1 .25

تێبینی

ئەم وتارە، بەشێ لە پەرتووکی (نەورۆز و بەهاری کورد) پێکدێنێ، بە ئەم زووانە بڵاودەبێتەوە.

سەرچاوەکان

1. حەسەن مەحموود حەمکریم، کاوە و نەورۆز لەنێوان ئەفسانە و ئایندا، ل2، سلەیمانی، 1999، ل54.
2. محەمەد باقی سەعید، نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر، پوختەیەک لە مێژوو، چ1، چاپخانەی کارۆ، سولەیمانی، 2017، 160ل.
3. المسعودی، مروج الذهب، 250/2، ص 208.





# شــــوان خورشـــید: لە ئەگەری کشانەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، عێراق بەرەو کوێ دەڕوات؟



هەر لەسەرەتای ڕوخانی ڕژێمی سەرکوتکەری عێراقەوە، لەسەر دەستی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا، ویستی وەدەرنانی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، جێی باس و خواس بووە میدیایی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردە. وەک لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە وەدەرنانی ئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی ویستی سونە مەزهەبەکان بوو، بەجۆرێک سونەکان شەڕگەی ئاشکراو خوێناویشیان دژی ئەمەریکا کردەوەو، لەهەموو عێراقدا چالاکیان دژی هێزی سەربازی و دیبلۆماسی ئەمەریکا دەکرد, وەک نمونەیەک فەلوجەیان کردبوە گۆڕەپانی مەرگ بۆ هێزە ئەمەریکیەکان. دوای خامۆش بونەوەی ناڕەزایی و شەپۆلی توڕەیی سونەکان، ئەمجار لایەنە شیعەکان ویستی وەدەرنانی هێزەکانی ئەمەریکایان کەوتە سەر، بەتایبەت ئەو هێزو لایەنانەی لە ئێرانەوە نیزیکن و لەگەڵ مانەوەی ئەمەریکا و بەرژەوەندیەکانیاندا نەبون.

بەڵام ماوەیەکە باس و خواسی دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا کە ئێستا وەک هێزێکی ڕاوێژکاری و یارمەتیدەر لەعێراق و هەرێم بنکەو بارەگایان هەیە، بۆتە داواکاریەکی سەرەکی و بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژانە بنکەکانی هاوپەیمانان لەلایەن هێزەکانی نزیک لە ئێران دەکرێنە ئامانج و مقاوەمەی ئیسلامی عێراقیش بەرپرسیارێتی خۆی لە هێرشەکان دەردەبڕێ. داوای کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش دەکەن. تایبەتتر دوای شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە فەلەستین.

هێرشەکانی سەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و سوریاو هەرێمی کوردستان چڕتر بوەتەوە، ڕۆژانە بنکەو بارەگای هێزەکانی هاوپەیمانان بە درۆن و موشەک دەکرێنە ئامانج و، کشانەوەی هێزە بیانیەکانیان کردۆتە پاکیجێک لەپای دەستدرێژیەکانیان، لەبەرامبەردا هێزەکانی ئەمەریکاش لەناو عێراق و سوریا وەڵامی جەرگ بڕی ئەو هێزانە دەدەنەوەو چەندین گورزیان لێ داون بەئاشکرا. بەڵام ویستی وەدەرنانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەقتر دەبێتەوە. چونکە ئەوە ویستی ئێرانە لەڕێی گروپە چەکدارەکانی نزیک لەخۆی و حکومەتی عێراقیش ناتوانێ ڕێگەیان پێ بگرێت، یان باشتر بڵێین تواناى بەسەریاندا ناشکێ. چونکە ئەو هێزانە بۆ بەرژەوەندی ئێران دروست بونەو، بە ویستی ئەوانیش دەجوڵێنەوە.

جا حکومەتی عێراق کەوتۆتە دوڕیانێک دەرچونی لێی زۆر ئەستەمە، بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەوێتە بەر توڕەیی هێزە ملیشیاکان و ئێرانیش نیشانەی پرسیاریان دەخاتە سەر،گەر لەگەڵ وەدەرنانی هێزەکانی ئەمەریکاش بێت.

ئەمەریکا هەروا بەئاسانی بنەو بارگەی ناپێچێتەوەو عێراق لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەش ئێرانی نەیاری بکات. هەروەک ڕۆژنامە شەرقول ئەوسەت لە تازەترین ڕاپۆرتی دا لە 26ی کانونی دووەمی ساڵی 2024دا لەزاری بەرپرسانی ئەمەریکاوە بڵاوی کردەوە، کە کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق بێ باج نابێت و، هێرشەکانیان بۆ سەر گروپە چەکدارەکانی نیزیک لە ئێران ڕاناگرن.

هەرچەندە نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند،کە وتووێژەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و عێراق ئەمڕۆ 27ی کانونی دووەمی 2024گەڕی یەکەمی وتوێژی دووقۆڵی عێراق و ئەمەریکا بۆ کۆتایی هێنان بەئەرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش دەستی پێ کردوە. لای خۆشیەوە واشنتۆن ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردوو پێکهێنانی گروپی کاری لە پسپۆڕانی سەربازی و بەرگری لە چوارچێوەی لێژنەی باڵای سەربازی هاوبەش لەگەڵ بەغدا ڕاگەیاند، هەرچەندە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە،کە کۆبونەوەی لێژنەی باڵای سەربازی نێوان عێراق و ئەمەریکا بۆ گفتوگۆکردن نیە لەسەر کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان.

لای خۆشیەوە بەرپرسانی عێراق هیوای ئەوە دەخوازن گفتوگۆی بەغداو واشنتۆن دەسپێکێ بێت بێتە هۆی کەمکردنەوەی وردە وردەی هێزەکانی هاوپەیمانان لەسەر خاکەکەی. بەڵام گروپە چەکدارەکانی سەر بە ئێرانیش پێیان وایە! ئەمەریکا جگە لە زمانی هێز لە هیچی تر تێناگەن و مقاوەمەی ئیسلامی عێراق هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە لەژێر گوشاری ئەوان ئەمەریکای کۆکردۆتەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ.

ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە ئەمەریکا هەروا بە ئاسانی عێراق جێ دەهێڵێت بۆ ئێران و گروپە چەکدارەکانی نزیک لە ئێران، هەموو ئاماژەکان وا دەردەکەون کە کارێکی وا ئاسان نیە، وەک لە لێدوانی بەرپرسانی ئەمەریکاوە دەردەکەوێ،گەر نا کشانەوەی هێزەکانی لە کوێ و کاندید کردنی باڵوێزێکی نوێ بۆ عێراق لەپای چی، وەک لە پێگەی فەرمی کۆشکی سپیدا هاتوە، کە جۆ بایدن تریس ئان جاکۆبسۆن لە شوێنی ئێلینا ڕۆمانۆوسکی بۆ پۆستی باڵاو ڕگەپێدراوی ئەمەریکا لە عێراق کاندید کردوە وەک باڵوێزی تازە لە عێراق.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا بپرسین و وای دابنێین، هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا، لەعێراق پاشەکشە دەکات و بەیەکجاری عێراق جێ دەهێڵێت، ئەو کات شتێ دەمینێ بە ناوی حکومەتی عێراق، جارێ ئەمەریکا وا ئێستا لەسەروبەندی پێگەیاندن و سەروەری عێراق دایە،گروپە چەکدارەکان لەسەروکاری عێراقدان، هەڕەشەن بۆ سەر دامەزراوەکانی وڵات و جڵەوی سیاسەتی وڵاتیان کردوە، لەلایەکی ترەوە ئێران و تورکیا بە هێرش و دەسخستنە نێو کاروباری ناوخۆوە. نە سەروەریان بۆ هێشتۆتەوە. نە عورفی جیرانەتی.

جا ئەگەر ئەمەریکا لە عێراق بکشێتەوە، بە دڵنیاییەوە شتێ نامینێ بەناوی حکومەت، هەر ناوچەیەک لە عێراق دەکەوێتە ژێر دەستی گروپێکی چەکدارو، شەڕی ناوخۆش لەسەر ئاگرە، ئەگەر ئێستا تورکیاو ئێران بە مونەسەبەو بێ مونەسەبە سنور دەبەزێنن و سەروەری و پیرۆزی خاکی عێراق پێ شێل دەکەن، ئەوکات جەندرمەو پاسدار بێ هیچ بەهاو عورفی نێودەوڵەتی و هاوسێیەتی لە سەروی سەری دیوەخان پاڵی لێ دەدەنەوە، بۆیە زۆر لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە نە ئەمەریکا نیازی کشانەوەی لە عێراق هەیە، نە حکومەتی عێراقیش ئەوەی دەوێ.

بەڵام بەغداو ئەمەریکا دەیانهەوێ جۆرێ لە شەرعیەتێکی تر بە مانەوەی ئەمەریکا بۆ دەستەبەر بکرێت، بڕیاری ئەو گفتوگۆیەی نێوانیشیان هەمان گفتوگۆکانی پێشووترە، بۆ ڕێکخستنی مانەوەو دیاریکردنی ئەرکەکانیان لە عێراق لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی شەڕی داعش.

وتاری کورد



# شەوێک بەسەری سادرەوە




رزگارعلی حمە بچکول / ١٩٨٨ -زەڵی ڕژهەلاتی کوردستان

ساڵ ساڵی ١٩٨٨ بوو ئەوسا پێشمەرگەی گومرگ بووم تازە بەهارێکی سارد بوو ، جێگەو مەسکەنمان ناوچەی قەندیل بوو ، جا خۆ قەندیل بەهاوینیش ساردە ، ئەو شاخ و کێوانە سپی ئەچوونەوە لووس بوون لەبەفرا هەر لەو بناری قاسمەرەش تاکو شێنێ و شاخی جاسوسان و سادرو بەرەو ڕەزگەو مارەدوو کوێستانان خاڵ خاڵ بوو ، سەری کێوەکان و شاخەکان سپی ئەچوونەوە تەنها ئەو شوێنانە نەبێت کە با نەیدەهێشت لەشکری بەفری لێبکەوێت باقیاتی جەنەراڵی بەفر هەمووی سەرتاپا گرتبوو با خلیسکێنەی لەسەر دەکردو ببووە کیشوەری بەفرو باو ئاژەڵی کێوی .ئێمەش ڕێمان تێیدەکەوت بەناچاری ، چونکە شوێنی پەڕینەوەی پێشمەرگەو وولاغدارو کاسبکاران بوو تاقە ڕێگا بوو ، بنارەکەی خوارەوەی هەمووی ئەڵخام ڕێژ بوو شاخەکانیش بەفر گرتبووی دەشتاییەکەی خوارەوەش ئەوەی بنکەو مۆڵگەی دوژمن بوو ڕێگا داڵدەی نەدەداین و ئەوی تریشی هەمووی مین بوو

ڕۆژێک لەقاسمەرەش و بەرەو زەڵێ و نۆکان و شێنێ و بەو دۆڵەیا هاتینەخوار مەنزڵمان پشتی ڕەزگەیە ئازیزان عوسمانی ڕابە ،خالیدی مەلا عەبدوڵا ،ئێسرکیشمان پێ بوو نایلۆن و بەتانی یەک و هەندێ ووردە شتی پێوە بوو ، ئەمان ویست ،بگەڕێینەوە لەقاسمەرەش هەتا نۆکان و خوارو تریش هەمووی ناوچەی پێشمەرگە بوو ڕێگا خۆش بوو بەرێکەوتین بەو دۆڵەیا بەرەو خوار دێ بەدێ ، زەڵێ نۆکان شێنێ سونێ ،ئاخر بنکەی پێشمەرگە بردەرانی گومرگ بوون ، برادەری خۆمان بوون ،لامان دا لایان هەم نانمان خوارد ،هەم ووچانێکمان گرت ژن و پیاوێکی قەڵادزێی و پێشمەرگەیەکی تیپی ١٢ سۆرانی لێ بوو ئەوانیش لەگەڵمان هاتن،دوا نیوەڕۆ بەڕێ کەوتین ، سەرەوەمان جاسوسانە ڕێگەی تیا نی یە ،ئەبوو لە بنارەوە بڕۆین ،ڕەبایەیەکی لێ بوو ، دۆشکەو بی کەی سی و هاوەن و ،هەموو جۆرە چەکێکی تیا بوو بێجکە لە تەیارەو کۆپتەر ، هەتا ئەو جێگەیە ڕۆشتین ،کە ڕەبایەکەی لێ دیار نەبوو،ئیتر وەستاین هەتاکو تاریک کات، بەڵام کردی بەتەم و مژ ووتمان فرسەتە بابڕۆین ،ڕۆشتین تۆزێک هێندەی پێنەچوو کردیە یەک لێزمە باران و با سەرتاپامانی تەڕ کرد شڵپەمان لێئەهات ئیتر شتێک نەما بوو بەناوی ووشکایی، گەیشتینە حەساسترین شوێن خۆشی کردەوەو بوو بەهەتاو ، ئاسمان هەورو هەتاو بوو کردی بەرۆژی ڕوون ،پیرەڕەبایە دای گرتینەوە بە دۆشکەو بی کەی سی و هاوەن و تۆپ بارانیشی هەر هەبوو پێش ئەوەش ، شوێنەکەشمان وابوو گەڕانەوەو ڕۆیشتن وەکو یەک وابوو ، بەمەجبووری ڕۆشتین ، بەس ڕۆیشتنەکە ئەوەی خرابوو هەوراز بوو، ئەوان کەو کوژی تەقەمان لێدەکەن ،ئێمەش ئەڕۆین ،خۆمان داوەتە دەستی قەدەر.

ژنەکە لەدوای منەوە بوو زوو زوو ئەیوت کاکە ئەوە تەقە لەئێمە ئەکەن. منیش بۆ ئەوەی نەترسێ ئەمووت نا دوورە ،ئەیووت ئەی قڕەی دێت ، ئەمووت هیچ نی یە ، خەریک بوو زیرەم ئەکرد ، بەڵام بۆ ئەوەی نەترسێ دانم بەخۆمدا ئەگرد ،لەم قسانەیا بووین کۆمەڵێ فیشەکی دۆشکە زۆر نزیکمان بووە ،رامکرد بۆ شیوێک نادیار بوو لەڕەبەیەکا ئەوە داڵدەی داین ،کە ڕام کرد ژنەکە ووتیەوە کاکە ئەوە تەقە لەئێمە ئەکات ،ووتم ئەرەوەڵا زیرەم کرد لەبەر ئەوەی تۆ نەترسی هیچ ناڵێم دەراکە دەی ،ئەمە تا ئێستا بەبناری سادرەوەین ، سادر کێوێکی سەخت و بەرزو کوێستانە لە زنجیرە شاخی قەندیلە ، لەوێ بەفر ئەباری چۆن بارینێک بەباوە کونی چاو و لووت و جامانەشی ئەئاخنی ، گۆرانانە ، کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش ،،،،،،،ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش،دەردی ڕەوانشاد حەسەنی شیرین ووتەنی بەشەرەفم شاخ بەس لەشیعرا جوانە دەوەرە پیای هەڵگەڕێ .......تاریکی کرد چ تارکیەک،وولاخدار ئەگەر ڕێیان لێ تێک چێ ،دەست بەکلکی وولاخەکەیانەوە دەگرن و دەڕۆن ، ئێمە ئێسرەبۆریشمان ڕێی نەئەدۆزییەوە ، وولاغدارمان بینی بوو بەدەنگدان ، ئەوانیش ڕێ یان لێ تێکچوو بوو، بەهەرحاڵ ، بەفر ئەباریٰ بەباوە ئەیهێنێ بەسەری سادرەوە ئێمەش هەموو گیانمان تەڕە، تەڕی و بەفرو باکە کەنەنفتی کردبوین ئینجا هیلاکی وتاریکی و سەرباری ئەوەش ڕێمان وونکردووە شوێنێکمان دۆزیەوە ،با بەفرەکەی بردبوو بەڵام زۆر سارد بوو، ناچار بووین لامان دا ،چونکە هەریەکە ئەیوت ئەوە ڕێگاکەیە ،یەکێک ئەیوت ئەوە فڵان شوێنەو یەکێکی تر ئەیوت فڵان ،یەکێ ئەیووت ئەوێ شوێنی ئەڵخامەکانە .....یەکێ ئەیووت نا ئەوە ڕەبایەکەیە هەر یەک قسەیەک هەمووشی پڕ مەترسی یە ڕەبایە ئەڵخام ،ناچار لەوێ ماینەوە ،بەتانیەکمان پێ بوو دامانە ژنەکەو پیاوەکەشی بەهۆی ئەوەوە لەتێکی بەرکەوت، ئێمەش نایلۆنمان داخست ،نایلۆنێکمان دا بەخۆمانا ، پشتمان نا بە پشتی یەکەوە.عوسمان و مەلا خالید پێکەوە من و پێشمەرگەکەی تیپی ١٢ ی سۆران پێکەوە، پێنج دەقیقە زیاتر ئیدارەم نەکرد ،هەستامە سەر پێ لە سەعات هەشتی شەوەوە تا چواری بەیانی هەڵوورەم کرد ، یا بەکوردی لەشوێنی خۆم هەڵپەڕیم ، برادەران ئەمووت هەستن بارِق نەبنەوە ،

ئەیانووت ناتوانین هیلاکین قیروسیا بارِق بینەوە ،پێشمەرگەکەی ١٢ ی سۆران دانە چرکێی بوو ،ووتم تۆ گەنجی هەستە بەقسەکە کردم ،یەک دوو دەقیقەیەک هەڵپەڕی ،ووتی کاکە ئەژنۆم شل بووە رامناگرێ با ڕەق ببمەوە چووەوە ژێر نایلۆنەکە خۆی گرمۆڵە کرد ، تا چواری بەیانی ئەوە حاڵمان بوو باش بوو کەسمان ڕەق نەبووینەوە ، بەڵام کورد ووتەنی لەکلکی گەڕاپەوە هەموومانی کەنەنفت کرد بوو، دوایی لەنزیکی سەعات چواری بەیانی بەدواوە هەم بەفر نەما هەم ڕووناکی کردەوە ، ڕێگەمان دۆزییەوە ، داگەراین ،لەدۆڵەکەدا ئاگرێکمان بینی چوین کۆمەڵێ وولاغدار بوون ، ئای لەو ساتانەی کە نائومێدیت ئومێدێک دروست ئەبێت مرۆڤ چۆن هەستێکی تیایە چۆن شیرینی ژیان ئەرژێتە خوێنەوە، دەی چوین بۆ لای وولاخدارەکان ، بەدیار ئاگرەوە چەژن بوو ، چا لەدوای چا ئەمان خواردەوە ،نان و پەنیری پێستە لێدە بخۆ ماڵیان ئاوا بێت ، ئاهێکمان پیا هاتەوە هەم برسێتی نەماو و هەم ناوسکمان ئاهێکی پیاهات و گەرم بۆوەو هەم ئاگرو گەرمی و خۆشمان جوان ووشک کردەوە ، لەناو ئەو بەفرو شاخ و پرمەی ووڵاخ و زرنگەی ناڵ و ئاوەدانیەک لەو کوێستانە ساردو چۆڵەدا دیمەنێکی سەیر بوو لەخەوێکی خۆش ئەچوو بەڵام ئەگەر خەبەرت نەکەنەوە چونکە دیسانەوە ئەبوو لەهەورازێکی زۆر یاخی تر بەین ئەو ناوچەیە یا هەورازە ،یان سەرەو لێژ ،ملی هەورازمان گرتەوە دیسان بەرەو خوار ، چووینەوە بۆ بنکەکەی خۆمان بارەگای گومرگ، نان و خواردنیان بۆ هێناین ،ئەو ڕۆژەو شەوەکەشی لەبەر هیلاکی و ئازاری لەشم و سەرمای ناو خوێنم خەوم لێنەکەوت، برادەرانی بنکەکە ،ئەوەی بێتە خەیاڵم ١/خاڵە بکرم ٢/نەمر عوسمان قامیشی ٣/ڕەسوڵ قامیشی ٤/کاروان شێخ عوسمان٥/ ئاوات ٦/کریم ماوەتی ٧/حەمە سەعید چوارتایی ٨/بەکرسەعیدچوارتایی برا بوون نەمر ٩/ئالانی پورزام ١٠/ کاوە سەعید مام برایم ١١/ سەلام سەعید مام برایم ١٢خۆم رزگار ....داوای لێبووردن ئەکەم کەسێکم بیر چوو بێت

ڕزگارەسوور



# بە سەرکردنەوەی هونەرمەندان

## نوری مەحمود

1965 لەسلێمانی لەدایکبووە.

-1985 پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە.

-1988 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری سلێمانی.

-1994 دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

-2003 سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

-2009 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

- بەشداری چەندین پیشانگەی هاوبەشی کردووە لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان.

ئامادەکردنی بەختیار سەعید



60x80 cm acryilc 2008



60x80 cm acryilc 2008



100x70 acryilc on canvas



100x70 cm acryilc on canvas 1988



75 x55cm acryilc





100X70 cm acryila on canvas

# یادەوەرییەکانی شەوی بەرات

ڕاز ئەسعەد



لەنێو ژاوەژاوی کۆڵان و هەراو زەنای منداڵانەی ڕووپۆشی گەمە خۆڵاویەکانی جوانترین و پڕ یادگاریترین ویستگەکانی تەمەن، بێئاگا لە هاواری دەستگێڕەکانی بەربەلەدێکە، کە بە سەدای (مۆم و بغورد و داری عود بەرەوە) جاڕی گەڕانەوەی جەژنە دڵخوازەکەی پیر و لاویان دەگەیاندە خەڵکی شار و حەزەلانی منداڵانیان دەوروژاند و قاقایانیان دەگەیاندە کەشکەڵانی ئاسمان و عەرشی عەزیمیان بێدار دەکردەوە.

ئەو سەردەمە دنیایەکی سادە وەک سادەیی دەروونەکان، خاڵیی بوو لە گرێوگۆڵی گوندە جیهانییەکەی ئەمڕۆ، ئەوکات یادەوەرییەکان گەمە و وتوویژی بێگەرد دەیچنین، نەک جیهانی گریمانەکراوی بێ ڕۆح، کە ئێستا منداڵانی لەیادەوەرییە پڕ سۆزەکان سڕیوەتەوە.

تا دەگەیشتینە ئێوارە، دەیان خەیاڵ و نەخشە و پلان دادەنران، بۆ ڕێڕەوی هەڵمەتەکانی نوقڵ کۆکردنەوە، بۆ تەراتێنی نێو کۆڵان و گێڕانەوەی پڕترین هەگبەی شیرینیەکان.

هەر کە خۆر لە ئاسۆوە ئاوا دەبوو، پێش سەڵا و پێش بانگی مەغریب، لە هەموو ماڵێکەوە بەرامەی بوغورد و داری عود، تارایەکی بۆنخۆشی دەدا بەسەری شاردا، ئەندامانی خێزانەکان لە کەشێکی ڕووحانی و لە مەراسیمێکی پڕ شکۆدا دەست و دڵفراوانی خۆیان ئاشکرا دەکرد.

دوای نانخواردنێکی پڕ چێژ بۆ گەورەکان و بەپەلە بۆ ئێمە، هەر منداڵە ئازابوایە زوو نانی ئێوارەی بخواردایە و یەکەم کەس بوایە تەقەی لە عەمموودەکەی کۆڵانی خۆیان هەستاندایە و پڕ بە گەرووی پڕ هیوای هاواری بکردایە: (مناڵی گەڕەک وەرنە دەرێ.... پیاوێ کوژرا بە خەنجەرێ).

گرووپ گرووپ کۆدەبووینەوە، هەر گرووپە و ڕووی دەکردە گەڕەکێک، بەڕاکردن و قیژەقیژ، شار ئاوەدان دەبۆوە، لە چوارباخەوە بۆ سەرشەقام و جولەکان، لەوێوە بە شێخ فەتاحدا دەپەڕینەوە بۆ بەهەشتی شێمحێدین و پاشان بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکانی عەقاری، لە کانێسکانەوە دادەگەڕاینە خوارەوە، ئازا ئەو کەسە بوو هیچ کۆڵان و دەرگایەک نەپەڕێنێت، ئازا ئەو کەسە بوو پێش هاوڕێکانی بە هاوار هاوار تەقەی لەدەرگا هەڵساندایە: (بەراتیکە.. شەو تاریکە)، ئەویتر دەیقیژاند: (ئەم شەو شەوی بەراتێ... خوا دوو کوڕ و کچێکتان باتێ).

لەو سەرەوە وەک جەنگاوەرێکی سەرکەوتوو، بە توورەکەی پڕ لە نوقڵی ترشوشیرینەوە دەگەڕاینەوە، لە هەموو لایەکەوە سەدای دەنگە پڕ سۆزەکەی عوسمان عەلی پەردەی گوێی دەلەراندینەوە، (ئەم شەو شەوی بەراتە، شەوی خۆشی و خەڵاتە، وا منداڵان دەگەڕێن....) تا دەگەیشتە خەڵاتە تایبەتەکەی خۆی کە سەیرێکی چاوی یارە.

زۆر جار گەڕەکی خۆمان دەهێشتەوە بۆ کۆتایی، تا سوود لە گۆڕەپانی خۆمان وەربگرین، لەوێ ناسراوین ڕەنگە دەسکەوتی تایبەت چاوەڕێمان بکات، ئای لەو خۆشیەی کە شتێکی جیاواز لە نوقڵ وەربگریت. یادی بەخێر و بەهەشتنشین بێت مامە عەبەی دوکاندار، چەند ڕۆژێک پێش شەوی بەرات خۆی ئامادە دەکرد، کاڵەکە بچکۆلەکانی نەدەفرۆشت و هەڵیدەگرتن بۆ منداڵان، ئەو شەوە بەردەم ماڵەکەیان تا درەنگانێک قەرەباڵغی بوو، خۆش بە حاڵی ئەوەی کاڵەکێکی پڕ بە چنگی وەردەگرت، مامە عەبە بە قەزوانە خۆشەکەی ناسرابوو، هەر منداڵێکی بناسیبایە، لاوێچێک قەزوانی سوێرکراوی دەدایە. وەستا والی، جوامێرەکەی گەڕەک، منداڵی نەبوو، لەبەردەرگا دەوەستا و هەر منداڵێک پێنج فلسی دەدایە، ئەوە گەورەترین دەستکەوت بوو تا هەفتەیەکیش خۆمان پێوە بادەدا. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕتان، ئێوە و پیاوە جوانەکانی دیکەی شار.

درەنگانی شەو پاش ماندووبوونێکی زۆر، شەکەت شەکەت بە خۆمان و توورەکەیەک نوقڵی ترشوشیرینەوە دەگەڕاینەوە ماڵەوە، دەستکەوتەکەمان لای سەرمانەوە دادەنا و بەدیار سینیە مۆمەکەی خوشک و برا بچووکەکانمانەوە، کەنەفت دەکەوتینە بەر دەستی خەوێکی قووڵ، شەویش خەونمان بە ڕاکەڕاکەوە دەبینی، تا چەند ڕۆژێکیش هەر خۆمان هەڵدەکێشا و باسی ئازایەتی و جەربەزەییەکانمان لە شەوی بەراتدا دەگێڕایەوە.

## وەستا حمەلاو حمەعەلی دارتاشی ( نوێ موسڵمان )

پێش زانیاری وێنەکە باسی نازناوی (نوێ موسڵمان ) دەکەین

کاك حمە عەلی باوکی وەستا حمە لاوی دارتاش نوێ موسڵمان کوردێکی جولەکە بووە ناوی ( ئەلیاو ) بووە لەسەردەستی شێخ سەعیدی حەفید باوکی شێخ مەحمودی نەمر دەبێت بەموسڵمان لەمزگەوتی گەورە شایەتمان دێنێت و دێتە سەر ئاینی ئیسلام و ناوەکەی لە (ئەلیاو ) دەکرێت بە (حمە علی ) نوێ موسڵمان واتە تازە موسڵمان

شێخ سەعید ی حەفید لەساڵی 1908 لەشاری موسڵ شەهید ، دەکرێت کەواتە ئەم بەسەرهات و موسڵمان بوونە پێش ساڵی 1908 بووە

زانیاری وێنەکە :

وێنەکە لەساڵی 1948 تۆمار کراوە لەستودئۆی یەحیا ئەفەندی ڕەسام بەدەستی یەحیا ئەفەندی تۆمار کراوە ، دوکانی یەحیا ئەفەندی نزیك سەرای سلێمانی بووە بەرامبەر بانکی ڕەشیدی ئێستا .

لەهەمان ساڵیش جولەکەکان دەچنەوە بۆ وڵاتی خۆیان بۆ ئۆرشەلیم بەڵام ئەم خانەوادەیە سلێمانی و خەڵکەکەی بەجێی ناهێڵێن و دەبنە خانەوادەیەکی دێرینی شاری سلێمانی و دەمێننەوە

کەسانی وێنەکە

١-ناوەڕاست : وەستا حمەلاو حمەعلی دارتاش نوێ موسڵمان

٢-دەستە ڕاست مامۆستای ناسراو ئەنوەر حمە لاو دارتاش ; بەڕێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی نەجمەدینی مەلا بوو لەگەڕەکی بەختیاری .

٣- دەستە چەپ مامۆستا ئەکرەم حمەلاو دارتاش ، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خانەنشین کراو

ڕۆحی وەستا حمەلاو دارتاش و مامۆستا ئەنوەر حمەلاو دارتاش شاد بێت و بەهەشت جێگایان بێت تەمەن درێژی بۆ مامۆستا ئەکرەم حمەلاو دارتاش

نووسین و زانیاری : ئامانجی مامۆستا عومەر

سەرچاوەی وێنەی وەرگیراو : مامۆستا ئەکرەم حمەلاو دارتاش






# ڕاستی ڕووداوەکان

١ - مامە ڕیشە .

ئەگەرچی ئاگاداری زۆر بابەتی پڕنهێنی مێژوویيم ، ئەگەر نەم نوسیبێتیشن بێشک ئەوا چەندین جار بۆ نەفەوتان و مانەوەی وەک بەلگەی مێژویی ، بۆ زۆر لە ئازیزانم باسم کردووە .

بەو هیوایەی گەر خۆم نەمتوانی بەیانی بکەم ، دوای خۆم نەیەڵن گوم یان بە درۆ باسبکرێت یان بشێوێنرێت ، بەلامەوە زۆر گرنگە ڕاستیەکان بەخەڵک و مێژوو وەک خۆی بمێنێتەوە .

ساڵ :١٩٨٤

شوێن : سورداش .

بەهۆی گفتوگۆی نێوان ( شۆڕش و ڕژێم ) ی ن ک ، کە گەورەترین لایەنی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نوێ و خاوەنی هێز و پێگەی گرنگ لەناو جەماوەر و ناوچەکەدا .

یەکێتی ناوچەی سورداشی دەستنیشانکرد و هەندێک لەبارەگاکانی لەوێ جێگیرکرد، ئاشکرایە هەڵبژاردنی ئەوێش بێ هۆکار و لەخۆوە نەبوو .

تەنها بارەگای (کاک نەوشیروان) وەک پێشتر لە( کوروان - ئاوەژێ) مابۆوە و لەکاتی پێویستدا سەردانی سورداشیان دەکرد .

ڕەوشی شەڕ لەگەڵ ڕژێم ئاسایی ببۆوە ، ئەگەرچی جار جار تێکهەڵچون ڕوویدەدا ، ئەویش زیاتر قبوڵنەکردنی کورد خۆی (پێشمەرگە و جاش) کە کۆمەڵێک ( بازرگانی شەڕ ) لەناو ڕژێمدا زەرەرمەند بوون و دەیان ویست شەڕ دەستپێبکاتەوە .

نەجمەدین ( مامە ڕیشە).

کەسێکی بەتوانا و کاریگەری زۆری هەبوو لە جەنگی پارتیزانە و مەیدانی لەگەڵ داگیرکەراندا، هەمیشە لەسیرەی ناحەزاندا جێگیرکرابوو ، تا بە کوشتنی کێشە و کارسات دروست ببێت .

چەند کەسێکی کەم لەسەرکردەکانی یەکێتی ، ئاگاداری پیلانێکی زۆر چەپەڵ و دوور لە ئەخلاقی ، هەندێک لە دەزگاکانی بەعس و کەسایەتی دەست ڕۆشتوو ، لە بەرنامەی فەوتاندنی ( شەهیدکردن ) کۆمەڵێک پێشمەرگەی ناودار و کاریگەر ، بەداخەوە کە دواتر چەندانێک بونە قوربانی .

ڕیشەش یەکێک لەو ناوانەی ناو لیستەکەیان بوو .

ماوەیەک لە گەرمیانەوە بە پیلانێکی دروست و نهێنی ، لە سورداش و نزیک مام جەلال جێگیرکرا ، وەک دەستەی تایبەتی سکرتێری گشتی .

مانەوەی زۆرێ نەبرد ، دووریان لەجەماوەر و سنورەکەی زۆربێتاقەتی کردبوو ، ناحەقیشی نەبوو ڕۆژانە چەندین خەلکی سنوری گەرمیان سەردانیان دەکرد و داوای گەڕانەوەیان لێدەکرد و هۆکاری مانەوەیان دەپرسی .

ئەگەرچی مام جەلال ، بۆ زۆر کوڕ و کۆبونەوەی دەبرد .

بێزاریەکەی سنوری بەزاند و لەگەڵ مام بۆ گەڕانەوەی توشی کێشە هاتن ، سەرئەنجام بۆ نەگەڕانەوەی ،بڕیاری دەستبەسەرکردنی لە گوندی ( کرژە) کۆتایی هات .

لەوێ و لەناو پێشمەرگەکاندا ، کە خاوەن ماڵ و جوڵە و کردار ، تەنها بە مانەوەی لەناو پێشمەرگەکان و گوندەکەدا .

نزیک نیوەڕۆ ، کاک نەوشیروان وتی :

بڕۆ بۆ ماڵی مام جەلال ، لەوێ مامە ڕیشە لەگەڵ خۆت بەرە بۆ (کوروان) ئاوەژێ ، لەوێش بە ( حەمەعلی و شەهاب) بڵێ کە زۆر ئاگاداری بن ، بەتایبەتی شەوان (حەرەسێکی)تایبەتی بۆ دابنێن بۆ پارێزگاریان ، دیارە ئەم وتانە نهێنین .

کە گەشتمە بارەگای مام ، مامە ڕیشە بێ چەک و هەندێک لە پێشمەرگەکانی کەرتەکەی .

پێشتر مامە ڕیشەم دەناسی ، بەتایبەتی لەکاتی شەڕەکانی ١٩٨٣ و دواتر .

بەدرێژایی ڕێگا کە لەپێشەوە دانیشتبوو و زۆر بێدەنگ ، وەک ئەوەی لەبیرکردنەوە بۆ هۆکاری ڕەوشەکەیی و گوێزانەوەی بۆ جێگایەکی تر دوور لەوەی ئەو مەبەستیەتی .

لە نێوان( دوکان - بنگرد) و لە سەر شاخی (قەرەسەرد) کە هەردوو دیوی بتوێن و جافایەتی لێدیارە و نزیک پرستگای سەربازانی ڕژێم وەستام .

وتم : سەیرکە مامە ڕیشە ، کە جوان و سەرنجڕاکێشەرە .

ئەو : نەک وەڵامی نەدامەوە ، هەر ڕوشی تێنەکردم .

وتم : ئەوە بۆ قسە ناکەیت ؟

وتی : من ڕیشە نیم ..... نەجمەدینم !

وتم : خۆ بە ویستی خۆت نییە ناوت وادەرکردوە ، ئەگەرچی ڕیشتشت تاشیوە ، بەلام هەر ڕیشەیت .

( ئەوکات لە کرژە ڕیشی تاشیبوو ( وەک باسیان کرد لە تورەیدا ).)

دوای چەندین جار داواکردنم .

دواجار هات و چەند وێنەیەکمان چرکاند ، بە کامیرای یەکێک لەو برادەرانەی لەگەڵیا

دوای گەشتنمان بە بارەگ لە کوروان .

پەیامەکەی کاک نەوشیرانم گەیاندە (حەمەعلی و شەهاب ) ئەوان لە من باشترو زووتر ڕیشەیان دەناسی ، بە هەبونی پەیوەندیەکی زۆر بەهێز و خۆش .

ئێمە زیاتر لە سورداش دەماینەوە( ئەوکات) .

ڕیشەش بەهۆی مانەوی لەوێ و سەردانی بەردەوام و ڕۆژانەی گەرمیانیەکان ، دووبارە تەواو بێزار و دەیویست بگەڕێتەوە بۆ سنور و ناوچەکەی .

لەڕاستیدا هاتنی ڕۆژانەی میوانێکی زۆر ، کاریگەری ( خراپی و باشی ) هەبوو .

هەندێک لە خۆشەویستی ڕیشە و هەندێک بەفیتی بەعس دەیانویست ڕیشە بگەڕێتەوە سنورەکە تا بکەوێتە داوی دوژمن و تیابچێت .

لە نهێنی( هێنانی ئەو بۆ سەرکردایەتی و دەستبەسەرکردنی تا زیندانی ) بەئاگام ، بەلام نەدەکرا لای هیچ کەس( بەنزیکەکانیشمەوە ) بیدرکێنم .

دوای ماوەیەک بڕیار درا ( ڕیشە) بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە هاتە سورداش ، تا لەوێوە بڕواتەوە .

ئەویش بە مەرج ..!

بگەڕێتەوە سنورەکەی خۆی ، پێویستە توخنی جادەی قیر و دوژمن نەکەوێتەوە ، کە دەبێتە هۆی کێشە دروستکردن .

قبوڵی کردو بڕیاری جێبەجیکردنی دا .

دوانیوەڕۆیەک لە سورداشەوە بەڕیکەوتین بۆ سنوری سەنگاو .
بڕیار درا من ( مامە ڕیشە و ئەوانی لەگەڵی بوون ) بە سەیارەکەی خۆم و هەردوو سەیارە ( شۆفەرلێتەکەی مام جەلال ) وەک هێزێک بگەیەنینەوە ئەو سنورەی خۆی دەخوازێت .
ڕیشە لە پێشە و برایانی تر لە دواوە .
پێش و پاشی سەیارەکەشمان ، هەردوو شۆفرلێتی پڕ پێشمەرگە . وەک چۆن بردم بۆ ئاوەژێ ، هەروا بێدەنگ ، بەڵام ڕوخساری گەش دەهاتە بەرچاو ، بەهۆی گەڕانەوەی بۆ لای خۆشەویستانی کە ماوەیەک دوور لێیان .
لە تاسلوجە و ناو جاشەکان دەرچوین ، ئەوان لەوبڕوایەدا نەبوون کە ڕیشە لەگەڵ هێزەکەیە چونکە ڕۆژانە ئەوە ڕێگامان بوو .
بەردەوام ... تا نزیک چەمچەماڵ بوینەوە .
پێش چەمچەماڵ وتی :
بە قوربانت بم مەچۆرە ناوشارەوە ..!
گەر بمبینن و بمناسنەوە ئەوا تەقەم لێدەکەن و شەڕ دروست دەبێت ، ئەووەش نەگبەتیییەکەممە و ئەوکات( مام جەلال ) دەڵێت ، ڕیشە نەگەشتەوە سنورەکەی ، فەرتەنەی نایەوە و نازانی خەتای من نییە .
وتم : من شارەزا نییم چی بکەم و چۆن بڕۆم ؟
وتی : خۆت بکە بەم ڕێگا گڵەدا( کە بەدەست ئاراستەکەی نیشان دام ) کە نزیک مۆڵگایەکی سەربازی بوو .
بە قسەیەم کرد .
دۆڵاو دۆڵ و گرد و تەپۆڵکە پێش سەیارەکان کەوتم ، ئەگەرچی هەندێک شوێن ڕێگای تراکتۆر دیارە ، بەڵام هەندێ جیگا هەر لە ریگا نەدەچوو ، وەک بڵێت ڕێگای ماڵات بوو .
لە یەکێک لە دۆڵە تەسک و سەختەکاندا ، پشتی سەیارەکە ( دەعامیەکەی) زۆر خراپ لە ڕێگاکەی داو و بە ئاسانی هەستمان پێدەکرد و توانای لێخورینی کەمکردەوە ، تا بە سەختی لێێ دەرچوین .
بەتوڕەییەوە وتم :
ڕیشە وادەزانی تراکتۆرم پێیە ، ئەمە کەی ڕێگایە ، گوێت لێیە پشتی سەیارەکە چۆن دەنگی دێت و داغان بوو .
باوەشی پیاکردم و وتی :
قوربانت بم ، ڕزگارم بکە با توشی کێشە نەبم ، دەنا( مام جەلال) لێم خۆشنابێت ، بڕیارم داوە بێکێشە بگەڕێمەوە سنورەکە .
زۆر بە حەماسەوە وتی :
وەعدت دەدەمێ گەر شەڕ بۆوە ، جوانترین سەیارە دەگرم و بۆت دەنێرم .
وتەکانی و پەرۆشی بێ کێشە گەشتن ، تەواو شەرمەزاری کردم و پەشیمان بوومەوە .
خۆشبەختانە بۆم هات و وتم :
گاڵتە ئەکەم ، سەیارەکە قوربانت بێت .
کۆمەڵی دۆڵ و گردمان بڕی تا گەشتینە سەر ڕێگای ( چەمچەماڵ - سەنگاو) .
بێخەم بووین لە گەشتن بە شوێنی مەبەست کە نەمدەزانی کوێیە ، بەڵام دیارە نابێت دوور بێت ، چونکە پێویست بوو بگەڕێینەوە سورداش .
چەمچەماڵ کەوتە پشتمانەوە ، چەند بەرزی و نزمیەکمان بەڕێکرد .
لە یەکێک لە بەرزاییەکانی بەرامبەرماندا دوو چەکدارمان بینی کە زۆر بەئاسانی لەیەکەوە دیار بووین .
ڕیشە وتی :
با بوەستین تا بزانیین ئەوانە کێێن ، نەوەک جاش بن و لە بۆسەدا بن .
هەرسێ سەیارەکە دابەزین و لەهەردوو لای ریگاکە سەنگەرگیرا بۆ شەڕ .
لەناکاو تەکسیەک لە چەمچەماڵەوە هات و کەوتە ناو هێزەکەمانەوە .
هەرچی لە تەکسیەکەدا بوو ، بەپەلە دابەزین و پەلاماری (ڕیشە)یان دا ، ماچیان دەکرد و زۆر دڵخۆش بوون .
ڕیشە وتی :
جارێ بڕۆن بزانن ئەوانە کێێن ؟
دوو چەکدارەکەش ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکەیان گرت ، وەک ئامادەکاری بۆ شەڕ .
تەکسیەکە ڕۆشتن و گەشتە لای ئەوان و زۆری نەبرد ڕیشە وتی :
با بڕۆیین ئەوانە جاش نین .
لەڕاستیدا من هیچ تێنەگەشتم ، بەڕێگاوە پرسیم چۆن پێشمەرگەن و جاش نیین ؟
ڕیشە وتی :
نهێنیمان زۆرە لەگەڵ دۆستان .
گەر جاش بونایە ، ئەوا زۆرترین کات ( شۆفێرەکە ) پێ لەسەر( ئستۆپ) دادەنا ، گەر پێشمەرگە و بەرگری و دۆست بن ئەوا چەندین جار ئستۆپ دەگرێت و بەردەوام دەبن تا نیشانی بدەن دۆستن ( لەهەردوکاتەکەدا گڵۆپەکان دەبنە نیشانە ) .
ئەمەش ڕێگایەکی زیرەکانەی تاکتیکی شەری پاریزانی ، کە زوربەی سنورەکە دوژمن بوون .
بەدڵخۆشیەوە بەڕی کەوتین ، بەس ئەوەندەمان خۆش بوو تا نزیکیان بوینەوە ، لەهەردوو لای ڕێگاکەوە بوو بە تەقە ، دوو (مەخزەنەی ٧٥) ڕوولە ئاسمان ، وەک تەقەی خۆشی .
هێشتا نەوەستابووم ، ڕیشە خۆی فڕێدایە خوار و هاوار و تکای کە تەقە نەکەن .
ئەوان خامۆش و بەدڵی پڕ خۆشیەوە ، کەوتنە ماچکردنی هەموان نەک بەتەنها ڕێشە .
ڕیشە وتی :
ئەی هاوار بۆ وادەکەن بۆ توشی کێشەم دەکەن ، خێرا سەرکەون با بڕۆیین .
بەخێرایی ئەوێمان جێهێشت و دوای ماوەیەک ، فەرمانی پێکردم بە لارێگایەکی ڕاستی خۆڵید لابدەم کە زۆری نەبرد گەشتینە گوندێک .
بە دەرکەوتنی ڕێشە ، هاوار و هەلهەلە و شادی خەڵکی گوند ئاسمانی پڕکرد ، گەورە و بچوک و ژن و منداڵ لێمانکۆبونەوە .
بۆ پێشوازیمان هەر یەکەیان داوای دەکرد ئێوارە میوانی ببین ، بەڕاستی ئەوە دووەم جارم بوو بەدیداری ئەو خەڵکە بەوەفاو شۆڕشگێر و دڵسۆزەی گەرمیان بگەم ، کە ڕۆحیان لەگەڵ شۆڕش و پێشمەرگەدا یەک بوو .
دوای ماوەیەکی کەم ، بڕیار درا وەک چۆن بەرنامەی بۆ دنرا وە بەڕیکەوینەوە بۆ بارەگاکانی خۆمان .
ئەم جارە بەڕێگای چەمچەماڵدا ، دنیا تاریکی کرد کە گەشتینەوە ، هەواڵی بەسەلامەتی گەیاندنەوەی ڕیشەمان گەیاند .
بەداخەوە ئەوە دوا دیداری ئەو قارەمانە کەم وێنەیە، کە بە هەواڵی شەهید بونی دڵی دڵسۆزانی کوردی ڕاچڵەکاند و هەموانی غەمبارکرد و بوە سمبولی بەرگری و ئازایەتی گەلێکی ستەمدیدەی دەورەدراو بە چەندین دوژمنی ناوخۆ و دەرەوە ، کە چاویان بە ئازادی کوردا هەڵنەدەهات .
تێبینیەکی گرنگ :
چەندین بابەت و ڕووداوی گرنگی مێژویی هەن ، کە هەندێکیان ڕاستیەکانیان شێوێنراوە ، ئەوەش لەلایەن کەسانێک کە چەندین مەرامی بەدرەوشتی و ناشرینی لەپشتەوەیە و دەیانەوێت مێژوو بشێوێنن یان بەدرۆکانیان وتەی هەندێک بەڕاست نیشان بدەن ،کە لە هەموویان زیاتر پڕ درۆ و بوختان و شێواندنی مێژووە .
ماوەیەکە چەندین درۆزن و ویژدان فرۆش ، بە بڵاوکردنەوەی نوسینی وتار و کتێب یان چاوپێکەوتن ، بێ شەرمانە مێژووی ڕاستەقینەی تێکۆشانی گەلێک دەشێوێنن و ناشرینی دەکەن .
دواجار بەڵگەکان و شاهیدەکان ڕسوایان دەکەن .
7.1.2023

**نەورۆز زرگوێزی**

# وێنەیەکی ناوازەی نەبینراوی هونەرمەند کەریم کابان و باوکی کەخانەوادەیەکی ناوداری شاری سلێمانین و شوێن دەستیان دیارە بەم شارەوە

ئەم وێنەیە بۆ یەکەم جار بڵاو دەکرێتەوە
وێنەکە لەساڵی حەفتاکان تۆمار کراوە لەقاوە خانەو چاخانەکەی خوالێخۆشبوو. ( جەلال کابان ) لەئەسحابە سپی کە بەڕێزان
١-هونەرمەند کەریم جەلال محمود عەزیز کابان
٢-جەلال محمود عەزیز کابان باوکی هونەرمەند کەریم کابان
لەوێنەکەدا هونەرمەند کەریم کابان دیارە جلی یاسایی لەبەرە مفەوەزی بێ تەل و پەیوەندیەکان دەبێت ( لاسلکی ) لە بنکەی پۆلیسی سەرای سلێمانی
کاك جەلال کابان دانیشتووی گەڕەکی شێخان بووە هاوسەرەکەی ناوی (حەلاوە قادر ) بووە باوکی چوار کوڕو کچ بووە بەم ناوانە
١-بەهادین جەلال کابان
٢-قادر جەلال کابان
٣-کەریم جەلال کابان
٤-جەمال جەلال کابان
کچەکانی
١-شوکریە جەلال کابان
٢-بەدریە جەلال کابان
٣-ئەختەر جەلال کابان
ڕۆحی کۆچکردووان شاد بێت
زانیاری وبەدوادا چوون : ئامانجی مامۆستا عومەر 2024/1/15
سەرچاوەی زانیاری وێنەی وەرگیراو ; هونەرمەندی بەڕێز کاروان قادر جەلال کابان




# محمود علی ئەحمەد ناسراو بە محمود بۆمبای کەبابچی

. لە دایک بوی گەڕەکی کانێسکان بازاڕە پچکۆلە 4 -3 - 1923 لەدایک بوە ڕۆژی بۆردومان کردنی شاری سلێمانی لە لایەن.. ئینگلیزەوە.....
هەرلەڕۆژی لەدایك بوونی لەساتی بۆردمانی شاری سلێمانی بە بۆمبا لەلایەن فڕۆکەکانی دەوڵەتی ئینگلیز خەڵکی سلێمانی کاك محمود ناودەنێن محمود بۆمبا
محمود بۆمبا تا پۆلی پێنجی سەرەتای لە قوتابخانەی زانستی خوێندویەتی ....پاشان بوە بەشاگرد کەبابچی لەلای وەستا بەکری کەبابچی ....پاشان بوە بە خەلفە ....پاشان دوکانی خۆی داناوە لە نزیك بەردەرکی سەرا بەناوی کەبابخانەی بێستوون.کە بەرامببەرسینەمای سیروان بووە ..بازاڕی نەقیبی ئێستا...پەنجا و پێنج ساڵ لەو دوکانەدا کاری کردوە تا ساڵی 1986 بە هۆی بارودۆخی سیاسییەوە دوکانەکەی ئەفرۆشێ چونکە کوڕەکانی پێشمەرگەی ناو شاربون و عەتای کوڕە گەورەی زیندانی دەکرێت.... بۆڕۆژی لەدایک بونی کورتە چیرۆکێك لە کتێبی حەپسەخانی نەقیب ا. ا باس کراوە
لەساڵی 1948 هاوسەرگیری لەگەڵ فاتمە خانی عەزیزی ڕۆستەم ئاغا دەکات خاوەنی نۆ مناڵە روناک...پەریخان ..عەتا خوالێخۆش بو عبدالرحمن.چیمەن . بەیان . خوالێخۆش بو کاوە . عدنان .هێمن .
محمود بۆمبا لەڕۆژی
30 - 1 - 1993 کۆچی دوای کردوە
فاتمە خانی هاوسەریشی لەڕۆژی 2015/4/25
ڕۆحیان شاد بێت
زانیاری وبەدوادا چوون ; ئامانجی مامۆستا عومەر
سەرچاوەی وێنە : د، ڕوناك محمود بۆمبا



# ئایا ئێران راستەوخۆ دەکەوێتە ناو بازنەی شەڕەوە؟



## د. کامەران مەنتك

## 2024\1\30

یەکێك لە گۆڕانکارییە مەترسیدارەکانی کۆتاییەکانی ساڵی 2023 دایسانی شەڕی غەزە، یاخود وەك دەیانەوێت بانگەشەی بۆ بکەن شەڕی نێوان موسڵمان وجولەکەیە، لەراستیدا ئەو خوێندنەوە ساویلکانە پانتاییەکی فراوانی میدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لە کوردستان گرتۆتەوەو هەندێك وەك غەزا سەیری دەکەن وپیاوانی ئاینی وهێزە ئیسلامییەکان وەك بەرگریکارێکی سەر سەخت لەغەزە، واتە ئیسلام نیشان خۆیان نمایش دەکەن وبەشێکی تریش بەناوی ناسیونالیستییەوە وەڵامیان دەدەنەوە، ئەو ململانێیە رادەی ساویلکەیی هێزە سیاسی ورۆشنبیرەکانی کۆمەڵگەی کوردی زۆر بەروونی دەخاتە بەرچاو، چونکە شەڕی غەزە نەشەڕی ئیسلام و جولەکەو نەشەڕی عەرەب وجولەکەیە، بەڵکو شەڕێکی جیۆستراتیژی جیهانییەو لایەنە شەڕکەرەکانی ئێستا وەك جەنگاوەری بەکرێگیراو بەکاردەهێنرێن وبە وەکالەت شەڕ بۆ هێزە جیهانییەکان، بەتایبەتیش بەرەی روسیاو ئەمریکا(رۆژئاوا) دەکەن

لەرووی جیۆپۆلەتیکییەوە شەڕی غەزە درێژکراوەی شەڕی عەفرینە، کە لەساڵی (2018) روویداو تیایدا عەفرین وتا رادەیەکی زۆریش مەسەلەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان کرایە قوربانی، کە لەبنەڕەتدا ئەو شەڕە پاراستنی جێپێی روسەکان بوو لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست، چونکە رۆژئاواییەکان دەیانویست کورد وەکو دیوارێك بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی روسیا لە دەریای سپی بەکاربێنن، یاخود بەلایەنی کەم وەك هەڕەشەیەك ئەو سیناریۆیە بخەنە بەرچاو، لەبەرئەوەی گەیشتنی کورد بەدەریا، کە بەناو هاوپەیمانی ئەمریکابوو، ریسەکەی لەروسەکان دەکردەوە خوری وسەرلەبەری جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەی هەڵدەوەشاندەوە وسەرلەنوێ دایدەڕشتنەوە، چونکە تا ئەو کاتە سوریا بنکەی سەرەکی سۆڤییەتی پێشوو وروسیای نوێ بوو لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست، دروستکردنی دیوارێك لەسەر دەریا لەنێوان تورکیاو سوریا، واتە دابڕینی روسیا بوو لەو دەریایە، کە ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ گفتوگۆکانی ئۆکرانیا بۆ چوون بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا، کە دیارە مەبەستی رۆژئاوا لەم هەنگاوە داخستنی دەروازەی دەریای رەش بوو لەبەردەم روسەکان، بەواتایەکی تر ئابڵووقەدانی روسیاو خنکاندنی بوو، ئەم رووداوانە لەنێوان ساڵانی (2014-2018) دا، رێك ئەو کاتەیە، کە مەسەلەی کورد تیایدا کەوتە پاشەکشەو تا ئێستاش لەو پاشەکشەو گەڕانەوە دواوەیە بەردەوامە!. لەبەرئەوەی لەو قۆناغەدا نزیکبوونەوەی کورد لە ئامانجەکانی گەیشتە لوتکە، بەواتایەکی تر هەڕەشەی کوردی بۆ سەر بەرژەوەندی روسیاو تورکیا ودەوڵەتە هەرێمییەکانی تر گەیشتە لوتکە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی. کە روسیا پاڵپشتی تورکیا بکات وکلیلی عەفرینی تەسلیم بکات، هەنگاوە پڕ سەرەڕۆییەکانی کورد لەو کاتە، بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵاتی بەیەکتر دەبەستەوە، گەیشتنی کورد بەدەریا، کردنەوەی دەروازەیەکی تری جێگرەوە بوو بۆ دەروازەکانی تورکیا، ئەمەش دەتوانین بڵێین بایەخی جیۆستراتیژی تورکەکانی رێك دەکرد بە دوولەتەوە، بۆیە بەهەردوولایان، ئاستی گرژیەکانیان بەشێوەیەکی مەترسیدار بەرزکردەوەو ئەو هێڵە سوورەیان بەزاند، کە ئەمریکییەکان دایاننابوو، بۆیە ناچار ئەمریکا هەوڵیدا دڵی تورکیا بداتەوەو رێگە نەدات بەیەکجاری بکەوێتە باوەشی روسیا، لەمەشدا قوربانییەکە وەك ئاماژەی پێکرا، عەفرین وگەلی کورد بوو لە رۆژئاوای کوردستان.

نەهێشتنی ئەو بەربەستی کوردی رێگەی بۆ روسەکان خۆشکرد، کە بەرژەوەندی ئەمریکاو رۆژئاواییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەدەریای سپی بخاتە مەترسییەوە، دیارە بەهێزبوونەوەی روسیا لەسوریا، واتە خۆسەپاندنی بەسەر پانتاییەکی زۆر فروان لەدەریای سپی ناوەڕاست، کەنزیکەی تا ئیسرائیل درێژدەبێتەوە، بە دایساندنی شەڕی غەزە، هەوڵیاندا لەدواوە ئابڵووەی گرنگترین پێگەی جیۆپۆلەتیکی هاوپەیمانی سەرەکی رۆژئاواییەکان بدەن لەسەر دەریای سپی، ئەمەیە وا دەکات شەڕی غەزە رەهەندێکی جیۆستراتیژی ترسناك وەربگرێت وبەشکستی ئیسرائیل، مەترسییەکانی سەر دەریای سپی تا لێوارەکانی باکوری ئەفریقا وتا ئۆقیانووسی ئەتڵەسی درێژ دەبێتەوە، ئەمە ئەو ئەگەر زۆر بەهێز دەکات، کە روسەکان زیاتر فشار بخەنە سەر ئەمریکا وهەوڵی فراوانکردنی ئەو شەڕە بدەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆئەوەی لەلایەك هەژموونی ئەمریکا لەم ناوچەیە لاواز بکەن، لەلایەکی تر بارگرانی لەسەر شەڕی ئۆکرانیا کەم بکەنەوە، بۆیە کاتێك ئیسرائیل بەشەڕی غەزەوە خەریك کراوە، ئێران گەرووی هورمزی خستۆتە مەترسییەوەو لەرێگەی حوسیەکانەوە سەقامگیری گەرووی هورمز، ئەو دەروازە دەریاییە ستراتیژییەی خستۆتە مەترسییەوە، کە نزیکەی زیاتر لە 20% کۆی بازرگانی نەوتی جیهانی پیادا تێپەڕ دەبێت بۆ دەریای سورو لەوێشەوە بۆ کەناڵی سوێس ودەریای سپی ودواتریش زۆرینەی ئەو نەوتە بۆ ئەوروپا دەڕوات، کەواتە ئێمە ئەگەر وەك شەڕکردن لەسەر بلۆکێکی جیۆستراتیژی سەیری ئەو گۆڕانکارییانە نەکەین، ناتوانین لە بنەماکانی شەڕی غەزەو ئەگەرەکانی فراوانبوونی بەرەو ئێران تێبگەین.

دیارە روسەکان نەك وەك ئیمراتۆریایەك، بگرە وەك شارستانییەکی سەربەخۆ لەئێران دەڕوانن وپێگەی ئێران شوێنێکی ستراتیژی گرنگی لە پڕۆژەی ئۆراسیای روسەکان داگیرکردووە، کە لە ئێستادا بەگەرمی کاری بۆ دەکەن، راکێشانی ئێران بۆ ناو ئەو شەڕە بەشێوەیەکی راستەوخۆ، بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا، لە کەنداو، کە پڕە لە سەرچاوەکانی وزەو ئاسیای ناوەڕاست دەخاتەوە مەترسییەکی گەورەوە، ئێرانیش ئەمەی قۆستۆتەوەو باش لەو دەرفەتە مێژووییە تێدەگات، بۆیە بەهەموو توانایەکی هەوڵدەدات وەبەریبهێنێت وبەرژەوەندییە شارستانی ئیمپراتۆریاکانی لەناوچەکە بێنێتە دی، لەبەرئەوەی ئیسرائیلییەکان تاکە بەربەستێکی گەورەن لەبەردەم گەشەسەندنی ئیمپراتۆریای ئێرانی لە بواری ژیاری (المجال الحيوى) خۆیدا، خەریك بوونی ئیسرائیل بەو شەڕەو بچووکبونەوەیان راستەوخۆ خزمەت بە خەونە ستراتیژیەکانی ئێران دەکات، لەلایەکی تر، ئێران بۆ روسیا بایەخێکی هێندە گەورەی هەیە، ئەگەری ئەوە هەیە هەر لێدانێك لە ئێران، راستەوخۆ روسیا بینێتە ناو شەڕەکەوە، ئەمە ئەو خاڵەیە، کە رۆژئاواییەکان لێی دەترسن وچاوەڕوانیشی دەکەن، کەواتە لەلایەك روسیا دەیەوێت ئێران وەك خۆراکێك بەکاربهێنێت بۆ لێدان لە هەژموونی ئەمریکا لەهەموو ناوچەکە، لەلایەکی تر دەیەوێت گۆڕەپانی شەڕەکە لەبەردەم ئەمریکا فراوانتر بکات وزیاتر تواناکانی بەهەدەر بدات، تا ئەو کاتەی ماندوو دەبێت وبەناچاری دەستبەرداری بەشێك لەبەرژەوەندییەکانی خۆی دەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئاسیای ناوەڕاست.

بەروونی ئەوە دەکەوێتە بەرچاو، کە ئەمریکا نە ئیرادەو نەتوانای ئەوەی هەیە بچێتە ناوشەڕێکی وا فراوان، رەنگ بێت ئابووری ئەمریکا توانای ئەرکی هەڵگرتنی شەڕێکی لەوجۆرەی نەبێت، چونکە ئەمریکای ئێستا زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەمریکای دوای نەوەدەکان، کە تاکلایەنە سیستەمی نوێی جیهانی راگەیاند، جێگرەوەی ئەو شەڕە بۆ ئەمریکا ئەوەیە، کە بەوێنەی شەڕی ساردی یەکەم(1945-1989) بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی پشت بە هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە ببەستێت، یەکێك لەو دەوڵەتانەش تورکیایە، کەرازی بوونی بە وەرگیرانی سوید لە هاوپەیمانی ناتۆ، ئاماژەیەکی روونە، کە لەم لایەنەوە هەنگاوی جدی چوونەتە پێشەوە، دیارە سازش کردنەکانی ئەمریکاش بۆ تورکیا بەپلەی یەکەم لەسەر کوردو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی کوردە، کە پێدەچێت لە پشت پەردەوە رێککەوتنی زۆر ترسناك کرابێت.

هەرچۆنێك بێت، لەبەرئەو هۆکارانەی باس کرا، ئەگەری چوونە ناوەوەی ئێران لە ئێستادا ئەگەرێکی دوورە دەستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمریکا ناچارە بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆی، دوای کوژرانی سەربازەکانی لە شانشینی ئەردەن، دەستێکی سەربازی گەورە لەبەرژەوەندییەکانی ئێران لە ناوچەکە بوەشێنێت، بەشێوەیەك پەرچەکرداری نەرێنیانی روسیای مسۆگەر کردبێت!.

لەگەڵ ئەوەشدا گومانی تیانییە، کە شەڕی غەزە ناتوانێت لە شوێنی خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر بووەستێت پڕوشکی ناوچە جیۆستراتیژییەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەگرێتەوە، هیچ ئاماژەیەك لە ئارادا نییە، کە ئەو شەڕە بە ماوەیەکی کەم بووەستێت، چونکە وەك بەرپرسانی ئیسرائیل راشکاوانە دانیان بەوە نا، کە ئەوان شەڕی هاوپەیمانییەك، کە مەبەستیان هاوپەیمانی روسەکان بوو، دەکەن!. بۆیە لە هەموو حالەتەکان، هەموو ئەگەرەکان کراوەن، بەڵام فراوانبوونی شەڕەکە بەو شێوەیەی ببێتە شەڕێکی جیهانی وزلهێزەکان راستەوخۆ بەشداری تیادا بکەن، گریمانەیەکە تاوەکو ئێستا بەلایەنی کەم بە نزیك نابینرێت.

# سالڕۆژی ڕزگارکردنی کۆبانێ-یە

ئەمڕۆ هەینی نۆ ساڵ تێپەڕی بەسەر تێکشکاندنی تیرۆرستانی داعش و سەرکەوتنی بەرخۆدانی شەڕڤانان و پێشمەرگە لە شاری کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستان.

ڕاپۆرت:KNNC

نۆ ساڵ لەمەوبەر لەدوای خەباتو بەرخۆدانی شەڕڤانانو پێشمەرگە، کە بە یەکێك لە دیارترین هێماکانی خەباتو ئازایەتی گەلی کورد دژ بە تیرۆریستان دادەنرێت، توانرا شاری کۆبانێ لە دەستی تیرۆریستانی داعش پاکبکرێتەوە.

تیرۆریستانی "داعش" لە ڕۆژی 15ی ئەیلولی 2014دا هێرشیان کردەسەر کۆبانێو شەڕڤانانی (یەپەگە)و (یەپەژە) بە بەرخۆدانێکی بێ وێنەو لەپێناو پاراستنی شارەکە، بەرەنگاری ئەو تیرۆریستانە بونەوەو پاشان بە بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان، هێزێکی پێشمەرگەی کوردستان بۆ هاوکاری شەڕڤانانو گەلی کورد لە ڕۆژئاوا، بە چەکی قورسو سوکەوە چونە کۆبانێ.

دوای چەند مانگێك لە شەڕو قوربانیدان، لە ڕۆژی 26ی کانونی دووەمی 2015 تەواوی شارەکە لەدەست تیرۆریستانی "داعش" ڕزگارکرا.

بەپێی ئەو ئامارانەی بەرپرسانی کۆبانێ ئاماژەیان پێکردوە، شەڕی ئازادکردنی شارەکە (134) ڕۆژی خایاندووەو لەو شەڕەدا زیانێکی زۆر بە ژێرخانی شارەکە کەوتووەو کۆڵانو خوێندنگەو نەخۆشخانەو زۆرینەی دەزگاو دامەزراوەکانی وێران بون.

کۆبانێ لە شەڕی داعشدا:

* %80ی شارەکە وێران بو.
* هێڵی ئاو و کارەبای شارەکە بە تەواوی پەکی کەوت.
* %40ی ڕێگاوبانو شەقامەکانی تێکچون.
* (541) گوندی سەر بە کۆبانێ وێرانو تاڵان کران.
* (3 هەزار) ئاژەڵی گەورەو زیاتر لە (100 هەزار) سەر ئاژەڵی بچوك دزران.
* زیاتر لە (3 هەزار) تراکتۆرو ئامێری چاندنو دروێنەی دانەوێڵە لەلایەن "داعش"ەوە دزران.
* (200 هەزار) هاوڵاتی ئاوارەی تورکیا بون.

هەرچەندە ئێستا 9 ساڵ بەسەر ڕزگارکردنی کۆبانێ تێپەڕیوە، بەڵام ئەو گەماڕۆ ئابوریو سیاسییەی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان دروستکراوە، بوەتە ڕێگر لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەی تەواوتی شارەکەو جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری پێویست.

ئازادکردنی بەنداوی تشرین، هاوکارێکی باش بوە بۆ دابینکردنی ئاو و کارەبا بۆ شارەکەو ناوچەکەو توانراوە ئەو خزمەتگوزارییانە تا ئاستێکی باش پێشکەش بە هاوڵاتیان بکرێت.

دوای ئەوەی کۆبانێ لە دەستی داعش ڕزگارکرا، شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە بەرەو گرێ سپی بەرێکەوتن و لە 15ی حوزەیرانی 2015 توانیان گەمارۆی سێ ساڵەی داعش و بەرەی نوسرە، لەسەر هەرێمەکە بەتەواوی کۆتایی پێبهێنن و دوابەدوای ئەم سەرکەوتنەش، لە 10ی تشرینی یەکەمی 2015دا، لە کانتۆنی جەزیرە دامەزرانی هێزەکانی سوریای دیموکرات (قەسەدە) لەلایەن شەڕڤانانەوە ڕاگەیەندرا.


ئەمڕۆش کە 9 ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر ئازادکردنی کۆبانێ، ڕۆژئاوای کوردستان لەژێر داگیرکاریی و بەردەوامیی هێرشەکانی تورکیا و گروپە چەکدارەکانی سەر بەو وڵاتەیە و بەردەوامە شوێنە خزمەتگوزارییەکان و ژێرخانی ئابووری هەرێمەکە دەکەنە ئامانج.


سایتی KNN




# پرسە پەروەردەییەکان

ئەم کتێبە دوانزەیەمین کتێبی نوسەر وماموستا (ڕەووف محەمەد ئالانی)ە کەپێکهاتووە لە چەندین بابەتی پەروەردەیی و دیاریکردنی چەندین کێشە و گرفتی پەروەردە و دانانی ڕێگەی چارەسەر بۆ ئەو گرفتانە، بۆ هەر بابەتێک نوسەر نمونەی بەرجەستە کراو و ڕاستی دیاریکردووە، بەدواداچوونی بۆ کردوون، لە ناو بابەتەکانی کتێبەکە ئەمانە خراونەتەڕوو ( ئەرکی پەروەردە و پاراستنی شکۆی ماموستایان، پرسە پەروەردەییەکان، پەوەردە و هاندان بۆ خوێندنەوە، پەروەردە خەونێکی زڕاو، پەروەردە ونەهێشتنی ڕق وکینە، پەروەردە و کەسێتی تاک، وێرانکردنی پەروەردە، دەستی حیزب لە پەروەردەدا، بازرگانیکردن لە پەروەردەدا، پەروەردە و متمانە، پەروەردەی ڕەخنەگرانە، کەسێتی ماموستا لە پەروەردەدا، بایکۆتی خوێندن و بێباکی حکومەت، پەروەردە وگیانی بەرپرسیارێتی، نەمانی متمانە و بایکۆت، ڕۆڵی پەروەردە ونەهێشتنی شەرمکردن....) ئەمانە وچەندین بابەتیتر لەدوتوێی ئەم کتێبەدان، کتێبکە بەقەبارەی مامناوەند و ژمارەی لاپەڕەکانی (١٨٤) لاپەڕەیە، دەکرێ ماموستایان و لایەنی پەیوەندیدار سوود لەم کتێبە وەربگرن و بیکەنە سەرچاوەیەک بۆ پێشخستنی پرۆسەی پەروەردە، وەک لە ژێرناونیشانی کتێبەکەدا هاتووە و نوسراوە (ئاوڕێک لە ڕابردوو، هانگاوێک بۆ داهاتوو).





# بۆخوێنەرانی بیرەوەریەکانم

لەهەر شوێنێکی سەرگۆی زەوی زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوەو نادادپەروەری و ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی و مەزهەبی هەبێت ، لەبەرامبەردا شۆڕش و بەرخودان و جوڵانەوەی چەکداری و یاخی بوون بەهەمووشێوەکانی دێتەئاراوە ، ئەوە حەتمیەتێکی مێژوو کردی سروشتیە، بەهەمو هەڵکشان و داکشانێکیەوە لە کات بواری جیادا،

گەلی کوردیش بەدەر نیە لەو بوارەدا ، کورد یەکێکە لەو گەلانە کە بەدرێژایی مێژوو ستەمی نەتەوایەتی و پێناسەی بونی لێکراوەو بەهەموو شێوەیەک هەولی لەناوبردن و پەرتەوازە کردنی دراوە، لەژێر ناوی جیاجیادا جینۆساید کراوە،

بەلام هەرگیز ئەم گەلە خۆڕاگرو تێکۆشەرە رادەستی شمشیرو تۆپ و فڕۆکەو هێرشی و پەلاماری دڕندانەی دوژمنانی نەبووە، گەلی کورد بەتایبەت لەو سەدەی ڕابردودا ، دوای جۆش و خرۆشانی بیری ناسیونالیزمی لە رۆژهەڵاتی ناڤین ، لەپێناو گەیشتن بەویست و ئامانجی سەربەخۆیی و گەیشتن بەمافەکانی قوربانی یەکجار زۆری داوە ،کورد بەرلەوەی دەست بۆچەک ببات، هەمیشە دەستی ئاشتیانەی بۆ ئەو نەتەوە سەردەستانە درێژکردووە کەکوردستانیان بەسەر دابەشکراوە ، بەلام هەردەم داگیرکەرە خوێن ڕێژەکان، بەئاگرو ئاسن کەوتوونەتە وێزەی گەلی کورد ، هەرچی چەکی قەدەغەکراوی نێو دەوڵەتی هەیە بەسەرگەلەکەمانیاندا تاقیکردۆتەوە ، بەهەزاران کەسیان زیندەبەچال کردووە،بۆیە هیچ بژاردەکیان لەبەردەم کورد نەهێشتۆتەوە،دەکرێ بڵێین بزوتنەوە چەکداریەکان لە پارچە دابەشکراوەکان زۆرجار بێ بەرنامەو هەندێکجاریش بەرنامە بۆ داڕێژراوبوون وەک پەرچە کردارێک لە دژی سیاسەتی شۆڤینیانەی وڵاتانی داگیرکەر ، ئەو هەڵبژاردەیەش جگە لەبەرگریکردن لەشەرەف و خاک و نیشتیمانەکەی نەبوبێت بۆ هیچیتر نەبوە، لەهەمانکاتیش دەرگای گفتوگۆ و ئاشتەوایی دانەخستوە ، بۆیە ناچار کراوە هەمیشە چەکی لەشان بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری دوژمنەکانی ،هەرچەندی شۆڕشی رزگاری نیشتمانی کوردستان بەهێزترو بەگوڕو تین تربوایە، داگیرکەران درەندانەتر کەوتونەتە گیانی و زیاتر هەولی لەناوبردنیان داوە، هێزی پێشمەرگە هەمیشە سومبولی خۆڕاگری و ئازایەتی بووە، بۆ بەرگری کردن لەخەونە گلاوەکانی دوژمنانی،پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەباوەڕێکی پتەو بەسەرکەوتن و ئازادکردنی خاك و نیشتمانەکەی سەرومالی ببەخشێ، کوردیش وەك هەموو گەلانی جیهان خەباتی چەکداری بە ئامرازێک زانیووە بۆناچارکردنی رژێمە داگیرکەرەکان بۆ دانان بەمافەکانیان، دوژمنە هارو هاجەکانی کورد لەهەرچوارپارچەی کوردستان ، هەولی بێ وچانیان داوە گەلێکی ٤٠ ملیۆنی ئەنفال و کۆمەلکوژو کوشت و مار بکەن ،لەو بەشەی یادگاریەکانم هەولم داوە داستانی گرتنی سەری رەش ،بەکۆمەلێک زانیاری نوێ و دیوە شاراوەکەی هیچ کەسێک پەی پێ نەبردووە بخەمە بەردیدی خوێنەران، جیاواز لەو هەموو فەرماندەو پێشمەرگانەی لەنووسینووەی لەیادگاریەکانیان دەرکیان پێ نەکردووە،یان نەیان ویستووە،یان نەیان وێراوە بچنە ناو ئەو بابەتە شاراوانە،من پەنجەم لەسەر یەکەبەیەکەیان داناوە،هەروەها بەدورو درێژی باس لە هەرحەوت پرۆسەکەی ئەنفال بکەم دژی دانیشوانی گوندەکانی ژێردەسەلاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، رژێمی داگیرکەری کوردستان لەئەنفالەکان تەرو وشکی بەیەکەوە سووتاند، سەدان گوندی تەخت و وێران کرد، ١٨٢٠٠٠ کەسی لەژن و مندال،و پیرو پەککەوتە زیندەبەچاڵکرد، ئەوەی لەئەنفال بەگەلی کورد کراوە، لەمێژووی مرۆڤایەتی وێنەی نەبووە، مەگەر تورکە عوسمانیەکان بەئەرمەنیەکانیان و نازیەکان بە جویان کردبێ ، هیوادارم توانی بێتم بەشێکی کەم لەخەباتی پێشمەرگە دێرینەکان و شەهیدە سەربەرزەکانی شۆڕشی نوێ بخەمە بەردەست کوڕانی رۆژەسەختەکانی خەباتی خوێناوی گەلەکەمان، ئەوەی لەهەگبەمدا هەبوو هەلمرشتوە،

گێڕانەوەی وردە باسی نیوسەدەی ڕابردو ، بیری وردو پرسی سەربوردەکانی گەرەکە ، هەوڵمداوە ڕوداوەکان وەک خۆیان بێ هیچ لایەنگیری و شێواندنێک بنوسمەوە..

هیچ کارێک بێ کەلەبەر نابێ

بەوهیوایەی لەکەموکوڕی و هەلەکانم ببوورن، هاوڕێ و دۆست وئازیزەکانم ،

لەیادگاریەکانم هەولمدا کەمێک لەمێژووی خەباتی خوێنی گەلەکەم بخەمە بەردیدی خوێنەران،

ئەوەی من نووسیوومەتەوە ئەرکێکی نیشتمانی خۆم جێ بەجێ کردووە، دەمەوێ لەکوتای بیرەوەریەکانم سوپاس خوێنەرەکان بکەم و داوای لیبوردن لەکموکریەکانم بکەم،

هیوادارم دەزگایەک لایەنێکی دلسوزی نیشمانپەروەر، ئەوەی خەمی مێژووی گەل و نیشتمانەکەی هەبێت هەولی جاپکردنی بداو لەفەوتان رزگاری بکا، لەگەل رێزو سلاوم

ڕێباز عزیز

یادنامە

YADNAMA

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی رۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ، یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.

سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز)

دەستەی نوسەران

ڕەووف محەمەد ئالانی

بەختیار شارەزوری

https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT

یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com 0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com 009647701553018
sharazwri@gmail.com 009647701961087